# ڕیالیزم لە هۆنراوەکانی هەردی دا

م.حەسەن عەلی عومەر

زانکۆی کەرکوک/کۆلیژی پەروەردە

[ملخص البحث]

الواقعية في اشعار أحمد هردي

نحاول في هذه الرسالة أن نتناول دراسة أدبية حول موضوع الواقعية ومصطلح الواقعية التي تتكون من كلمتين (Real) و (Isem) بمعنى رؤية واقع المجتمع.

مضمون هذا البحث يتكون من مقدمة وفصلين و النتائج، تتناول في المقدمة مبررات اختيار الموضوع وأهميته وكرسنا الفصل الاول لمفهوم وتعريف الواقعية وتأريخ ضهوره في أوروبا و أسباب ظهوره مع خصائصها طرائقها.

أما الفصل الثاني فيتكون من الواقعية في الآدب الكردي وظهوره مع أخذ نماذج من النصوص الكوردية و خصائصها في شعر الكردي و أسباب نهضة وحياة الشاعر احمد هردي وأنعكاس المدرسة الواقعية في شعره  وفي الاخير نتناول في بحثنا الآستنتاجات وأهم ما توصلنا اليه حول ما دفع(هردي) للأندماج بالواقعية ونرجوا من الله تعالى أن يكون بحثنا مكسباً علمياً لكل من يقرأه .

## پێشەکی:

پرۆژەی نووسینی هەر بابەتێکی ئەکادیمی زانستی، ئەوا پێویستی بە کۆمەڵێ ڕەهەندی مەعریفی و زانستیانە هەیە، کە بە هۆیەوە کەسی توێژەر دەبێ بە هزرێکی هۆشیارانە بڕوانێتە ئەم پرۆژەیەو کارێکی ئاسان نییە. دیارە هەڵبژاردنی بابەتێك بەم ناونیشانە(ڕیالیزم لە هۆنراوەکانی هەردی دا)، و لەم جۆرە کارێکی هەروا و ڕەمەکیانە نەبووە، بەڵکو ئەم ڕێبازە پانتایەکی فراوانی داگیرکردووە لە نێو بونیادی هۆنراوەی کوردیدا. هەروەها ئەم ڕێبازە یەکێکە لە گەورەترین ڕێبازە ئەدەبیەکانی ئەورووپا. کەوا توانی بۆ ماوەیەك درووشمی خۆی بچەسپێنێ لە نێو ئەدەبەکەماندا و لە هەمان کاتیشدا توانی کۆمەڵێ شاعیر لە ژێر ئەم چەترە کۆبکاتەوە و پابەندی ڕێبازەکە بن. هەردیش وەکو یەکێ لە شاعیرە ناودارو گەورەکانی ئەم ڕێبازەیە لە نێو ئەدەبەکەمان کە بە هۆیەوە چەندین هۆنراوەی زۆر جوانی لەسەر پرەنسیپەکانی ئەم ڕێبازە هۆنیوەتەوە. لەم ڕێگەوە شاعیر توانیویەتی خزمەت بەگەڵ و خاك و نیشتمانەکەی بکات.

<u>هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە</u>: هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی:

١–ئەوەی کە پالنەربوو بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، ئەوەیە کە لەڕاستیدا ئەم بوارە زۆر بەکەمی  لە شیعری کوردی لێ کۆڵینەوەیەکی وای لەسەر نەکراوەو گرنگی یەکی ئەوتۆی پێ نەدراوەو.

٢–ئەم ڕێبازە(ڕیالیزم)، لە ئەدەبی کوردیدا گرنگیەکی تایبەتی هەیە و زۆرێك لە شاعیران پەیرەویان کردووە بۆیە بە پێویستمان زانی توێژینەوەیەکی وا ئەنجام بدرێ لە سەری، وە هەردیش بێ گومان باڵا دەست بووە لە چەسپاندنی ئەم ڕێبازە لە هۆنراوەکانی دا.

<u>ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە</u>: لەم توێژینەوەیەدا کە لەژێر ناونیشانی (ڕیالیزم لە هۆنراوەکانی هەردی دا)دایەو، مێتۆدی نوسینەوەی بابەتەکە، ڕێبازی (وەسفی– شیکاری)بەکارهاتووە، سەرچاوەی ڕێبازی ڕیالیزمان کردووە بە پێوەر بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی هۆنراوەکانی(هەردی) و لەوێوە کاری لەسەرکردوون.

ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:

ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە سەرەڕای ئەم پێشەکییە پێکهاتووە لە دوو بەش، وە هەر بەشێ چەند تەوەرەێکە لە خۆی گرتۆتە. لە بەشی یەکەمدا چوار باسی لە خۆی گەرتووە، لە باسی یەکەمدا، کە بەناوی چەمك وپێناسەی ڕیالیزم بەگشتییە تیایدا باس لەزاراوەو پێناسەکانی ڕێبازی ڕیالیزم دەکات، بەڵام لە باسی دووەمدا، ڕێبازی ڕیالیزم خستوتەڕوو لای ئەورووپایەکان کە لێرەدا زیاتر چووینەتە نێو لایەنی مێژوویی ئەم ڕێبازەو لەگەڵ ئەو وڵات و کەسایەتیانەی کە ڕۆڵیان هەبووە لە جێگیرکردنی ئەم ڕێبازە لە ئەوروپا، کە چی لە باسی سێ هەمدا، ئاماژە بۆ تایبەتمەندی ئەم ڕێبازەو هۆکاری سەرهەڵدانی دەکەین، وە لە تەوەرەی چوارەم و کۆتایی بەشی دووەمدا، دەچینە نێو جیهانی ڕێچکەو چەند جۆرێکی ئەم ڕێبازە، وەك ڕیالیزمی ڕەخنە گرانەو شۆشیالیستی و شۆرشگێرانەو دەروونی.

هەروەها بەشی دووەم لە سێ باسی پێك دێت، لە باسی یەکەمدا، باس لە ڕێبازی ڕیالیزمە کەین کە چۆن کاریگەری لە سەر هۆنراوەی کوردیدا هەبووە، بە بەڵگەی لێ وەرگرتن چەندین نموونە شاعیرانی ناوداری کورد، وە لە باسی دووەمدا ئاماژە بۆ تایبەتمەندی ئەم ڕێبازەو هۆکاری سەرهەڵدانی دەکەین لە نێو شیعری شاعیرنی کورد، وە لە باسی سێ هەم و کۆتاییی، کە دیارە بەشی پراکتیکی باسەکەمانە، کەتیایدا بابەتی ڕیالیزم لە نێو دەقەکانی هۆنراوەی هەردیدا خستۆتەڕوو، بەڵام لە پێش دا باس لە ژیانی شاعیرو پێگەی هەردی شاعیر لە نێوان شاعیرانی کوردمان خستۆتەڕوو.

بەشی یەکەم/یەکەم:چەمك و پێناسەی ڕیالیزم: لە سەرەتادا بۆ ئەوەی بچینە سەر باس و خواسی ڕیالیزم وا بە پێویستمان زانی کە ئاوەڕێك لە پێناسەی ڕێبازی ئەدەبی بدەینەوەو پاشان بگەڕێنەوە لای ڕیالیزم ئیتر ڕێبازی ئەدەبی واتە:"ڕێباز یان قوتابخانە یارێچکە یا.. چەندەها هاو واتای تر لەخۆی کۆ ئەکاتەوە، ئەوەیە کە کۆمەڵێ کەس لەسەر پرنسیپەکانی کۆك ئەبن"(١). ئیتر بە بۆچوونی (د.فائق مصطفى) لە کتێبی (في النقد الادبي الحديث) دەربارەی رێباز دەڵێت:"ڕێبازی ئەدەبی کۆمەڵە بنچ و بنەماو بناغە هونەرییە، ڕەخنەسازان بانگەوازی بۆ دەکەن و نووسەرانیش لە بەرهەمەکانیان دا پابەنددەبن بەو یاسایانە"(٢). هەردەربارەی ڕێبازی ئەدەبی"ڕێباز بریتییە لە کۆمەڵە بیرو بۆچوون و دیدێکی زانستی و فەلسەفی تەواو کاری یەك کەوەك پێکهاتەیەکی یەك بەش داڕێژراون"(٣).

بۆ دیاریکردنی پێناسەیەکی ڕەهای ڕیالیزمیش تاوەکو ئێستاش پێناسەیەکی تەواوی دیاری کراو لەبەر دەستماندا نییە، چونکە هەریەك لە نوسەران و ڕۆشنبیران بە پێی ڕاو بۆچوونی خۆیان پێناسەیکیان بۆ ڕیالیزم داڕشتووە، ئیتر لێرەدا هەوڵ دەدەین چەندانێکیان بخەینەڕوو: بۆ ئەوەی بزانین ڕیالیزم چی دەگەیەنێت، سەرەتا ئاماژە بە پێناسەیەکی کورتی ڕیالیزم دەکەین و دەڵێن ڕیالیزم زیاتر بایەخدانە بەخودی واقیعی کۆمەڵ و"ڕیالیزم وەکو زاراوەیەك بەر لەوەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا دەرکەوێت، لە نێو فەلسەفەدا بلاوبووەوە"(٤).

هەروەها بۆ زانینی پێناسەی ڕیالیزم دەچین لای د.فرهاد و دەڵێت:"بەپێی قاموسی لاڕوسی فەرەنسی زاراوەی ڕیالیزم (Realism) لە دوو وشە پێك هاتووە( Real-isme) کە دەکاتە(حالەتی بینینی واقیع بەو شێوەیەی کە هەیە"(٥). ڕیالیزمیش واتە"وەك تێرمێکی ئەدەبی ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (Real) کە بە مانای (حەقیقی، واقیعی، دروست و ڕاستەقینە)دێ"(٦). کەواتە بەم پێیە زاراوەی ڕیالیزم واتای ئەوەیە"ڕیالیزم لە فەرهەنگی زمانە ئەورووپیەکاندا لە وشەی(ڕیال)ەوە وەرگیراوە، (ڕیەڵ) لە بناغەدا بەواتای ڕاست و ڕاستەقینە هاتووە"(٧). هەروەها مەبەستی سەرەکی ئەدەبی واقیع بێژ، لەم زاراوەیەی ڕیالیزم بۆ دەستنیشانکردنی ئەو جۆرە ئەدەبە کەڵك وەردەگرێ کە یەکەم مەبەست ودوا مەبەستی بەخشینی چێژ بە خوێنەرەکانییەتی"(٨). کەچی نووسەر سویدی

(پێتەر هاڵبێرگ) دەربارەی چەمك و پێناسەی ڕیالیزم دەبێژێت" ڕیالیزم هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی قوول لە ژیان بگات و واقع بە بەرفراوانی و بە هەموو ناکۆکی و کێشەکانێوە بگرێتەوە... ماف دەدا بەهونەرمەند، کە هەموو لایەنەکانی ژیان بێ سنووردارکردن رۆشن بکاتەوە."(٩). لە زاراوەی ڕەخنەسازیش ئەو قوتابخانە ئەدەبی و هونەرییە کە سروشت و واقیع وەك خۆی پێشکەش دەکات بێ ئەوەی بیکاتە نموونەیی واتە "وشەی ڕیالیزم بە مانای واقیعی بنەچە و ڕەسەن واتا قوتابخانەی واقیع بینی"(١٠). کەواتە وشەی ڕیالیزم واتە واقیع، بۆیە دەبێت نوسەری ڕیالیزم شتەکان لە واقیعدا چۆنن دەبێت بەو شێوەیە بەبێ دەستکاری کردن بیگوازێتەوە. چەند ڕایەکی تریش هەن پێیان وایە زاراوەی ڕیالیزم واتای" ئەوەی لە واقیعەوە هەڵقوولاوە دەگەیێنێت"(١١). واتە سروشت و واقیع وەك خۆی پێشکەشی دەکات بی ئەوەی بیکاتە نموونەیی. هەر سەبارەت بە دەرکەوتنی وێنەی ڕاستگۆیی ئەفلاتۆن دەڵێت: "جیهانی ماتریالی بریتیە لە دیاردەیە کە تەنیا سێبەری واقیعە، ئەم دیاردانە لە ڕێگەی هەستەکانەوە درك دەکرێن، بەڵام ناتوانرێ بە سەرچاوەی موعتەبەری حەقیقەت بزانرێ، چونکە تەنها بەکۆمەکی ئەقل، و ڕەنگە لە ڕێگەی ڕوحی پاش مەرگەوە بتوانرێ بگەینە حەقیقەت"(١٢). ئەرستۆش پێی وایە: "لاسایی کردنەوە بەشێکە لە کاری هونەریی و هونەرمەندان لاسای واقیع دەکاتەوە"(١٣). ماموستا برهان قانعیش لە فەرهەنگی نوێ وا ئاماژە بۆ ڕیالیزم دەکات"ڕیالیزم بەمانای واقیع پەرستیە، بەرامبەر ئایدیالیزم، یان بلێن خەیاڵ پەرستی، ڕیالیست هەوڵ دەدات لەگەڵ واقعی خەڵك و ناوچە و دەروبەرو جیهاندا برِوات و بگونجێت"(١٤). واتە وێنەیەکی ڕاستەقینەو دوور لە خەیاڵە. ئەحمەد سالاریش پێی وایە ئەم زاراوەیە لەوشەی"(Realiry)ە هاتووەو واتە(الواقع)بەواتای هەقیقەت دێ، بەڵام مەبەست لەلایەنە واقعیەکەیە واتە(Real). ئەم زاراوەیە بو یەکەم جار لە فەرەنسا بەکار هێنراوە بۆ دانی واتای ئەو ئەدەبەی ڕووە بوونی ژیان دەچێت، بەپێچەوانەی ڕۆمانتیکەکانەوە"(١٥). بۆ زیاتر ناسینی ڕیالیزم "ئەوەی لەواقیعەوە هەڵقولا بەبێ مەبەستی تۆمارکردنی حاڵەتێك لەنێو واقیعەکەدا بەرجەستەکردنی ئەو واقیعە لەنێو بەرهەمەکەدا"(١٦). هەروەها(شیلینگ) لەم بارەیەوە لە یەکێ لە وتارەکانی لە ساڵی(١٩٧٥)دا بلاوی کردۆتەوەو دەلێت: پێناسەی ڕیالیزم بەم شێوەیە دەکات " ئەوەی جەخت لەسەر ناخودیم دەکات "واتە ڕیالیزم گوزارشت لە خودی تاك ناکات بەڵکو وەسفی تاك دەکات لە ناو کۆمەڵ، تاك لە کۆمەڵ و دەوروبەری دادابرێت"(١٧). هەر دەربارەی ڕیالیزم"ڕیالیزم لە ئەدەبدا ئەوەیە هەموو شتێك چۆن دێتە بەرچاوو، لە چ بارو وێنەیەکدا بێ بەوجۆرە دەربخرێ، بەبێ ئەوەی لەدەریای ئایدیالیزم و ئەندێشەدا بخنکێنرێ"(١٨). بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ کە خودی زاروەکە"جەخت لەسەر بەستی ڕاستەقینەو حەقیقەت دەکات و ئاماژەکردنە بۆی"(١٩). د.علی جواد تاهیریش وا ئاماژە بۆ ڕیالیزم دەکات:"ئەو ڕێبازەیە کە جیاوازبوو لەگەڵ ڕۆمانسی لە نووسینداو، بەر پەرچی یاساکانی بوو، ڕیالیزمیش نایەوێ واقعییەت بگوازرێتەوە بۆ نموونەیی، ئەویش دەیەوێت وێنەی شتەکان وەك خۆی بگوازێتەوە"(٢٠). چەند ڕایەکیتریش هەیە بۆ ڕیالیزم ئەویش وەك"ڕیالیزم لەبواری ئەدەبیشدا بەو واتایە دێت، کەهەموو بابەتێکی فیکری چارەسەرییەکی بابتییانەی کێشەکانی ژیانی مرۆڤ بکات،ئەم چارەسەرییە وێنە کێشەییەکی وردو قووڵ و لەباری وای تیابێت، نووسەر خۆی لە دەرەوەی بابەتدا بدۆزێتەوە"(٢١). ئیدی فەهمی شوکری عەبدوللا هەر بۆ ڕیلیزم دەبێژێت"ناوەڕۆکی ئەدەبیاتی ئەم ڕێبازە پیشاندانی ژیانی مرۆڤایەتی و تۆمارکردنی ڕووداوەکانی سەردەم و دیاریکردنی خودی واقعەکەیە هەروەها ئەدەبی ڕیالیزمی هەولێکە بۆ ڕووناك کردنەوەی ڕێگا تاریکەکان و ڕێ نیشاندانی کۆمەڵگایە بەرەو گەیشتن بە ئامانج و گۆڕانی ئەو بارودۆخە نالەبارەی کە لە ئارادایە"(٢٢). وە دەشێت بەڵێن ئەدەبی ڕیالیزم"ئەو ئەدەبەیە کە باس لەو ژیانە ڕیالیزمە ڕەوشت بەرزمان بۆ دەکات، ئەوەی کە کاریگەری بە هەموو هۆکارو کارلێکراوەکان و گشت ڕفتارو ڕەوشت و شێوازی بەرزدەکات"(٢٣). لەکۆتایی دەگەین بەوەی لە

سەرجەم ئەم پێناسانەدا ڕیالیزم واتە"نووسەر لە بابەتەکاندا ڕەنگ نەداتەوەو خۆی بەدووربگرێت یان تا ڕادەیەك شرۆڤەو چارەسەرەیەکی زانستییانە بۆ کێشەکان بکات کە بەرهەمەکە باسدەکرێت"(٢٤).

هەر دەربارەی ڕیالیزم لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا بە گەلێك بزووتنەوەو ڕێبازی ئەدەبی و فیکری ناسراوە" ڕیالیزم و ناتوریالیزمیش بەشێکن لەو بزووتنەوانە کە تەعبیر لە ڕوانین و ڕەنگدانەوەیەکی سۆسیۆلۆژی و زانستی دەکەن. وەخاسییەتەکانی ڕیالیزم بریتییە لە تێبینی کردنی جیهانی هاوچەرخ، جیهانی کۆمەڵایەتی ومێژوویی، کەرەستەکان بریتین لەخەڵك و شتەکان و پێوەندییەکان کە تا ئەو سەردەمە کەرستەی کاری هونەری نەبوون(٢٥). بەم پێیە دەتوانین واقیعیش بکەین بەدوو جۆر:(ڕاستەقینە و هونەری)، ڕاستەقینەش بە واتای کە بابەتەکان وەکو خۆی لە بووندا، بە ڕاستگۆیی و ئەمانەتەوە باس بکرێت، واتا نووسەر وەکو وێنەیەکی فۆتۆکۆپی بابەتە ئەسڵیەکە پێشان دەدات، بەڵام هونەری: بریتییە لە داهێنانێکی بەرجەستەیی بۆ واقیعێك، یان ڕوداوێکی ڕاستەقینە بەڵام مەرج نییە دەقاو دەق وەکو خۆی وابێت، هەرچەندە بابەتەکەش لەواقیعەوە وەرگرتبێت، یان دەشێت ڕووداوەکە لە چوار چێوە ڕاستەقینەکەی خۆی نەمینێتەوە، واتا لەم جۆرە واقیعە نووسەری ڕیالیزم هەندێك جار لەجۆری ڕووداوەکە کەم دەکاتەوە، یان زیادەی دەخاتە سەر، بەجۆرێك لاسای بابەتە ئەسڵێکە دەکاتەوە و شێوازی گێڕانەوەکەشی دەگۆڕێت، کەواتە ئەدەبی ڕیالیزم لێرەدا وێنەکێشانێکی داهێنەرانەیە کەخەسڵەتەکانی زیندەگی واقیعی مرۆڤ وسروشتەو، لەچوارچێوەیەکی ئەدەبیدا بەرجەستەدەکات.

دووەم: <u>چەمکێك اە مێژووی سەرهەڵدانی ڕیالیزم:</u> لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم دا "ڕێبازێك کە زیاتر کاردانەوەی هەبوو بەرامبەر بە ڕۆمانتیزم، لە ئەدەبیاتی هەموو وڵاتانی ڕۆژئاوادا سەری هەڵدا ئەم ڕێبازە شەپۆلی ڕیالیزمی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو. هەروەها ڕیالیزم وەکو ڕێبازێکی ئەدەبی تا ئەم ڕۆژگارە بە بەردەوامی خۆی نواندووە ئەم لایەنە زیاتر بۆ بەرفراوانی و زیندووی چەمکی ڕیالیزم دەگەڕێتەوە، چونکە ڕیالیزم وەکو نازم حیکمەت دەڵێت"ڕووبارێکی گەورەیە، ڕووبارە بچوکەکان تێدا کۆدەبنەوە ڕێبازەکانی تر لە نێو ڕێگا لە ڕۆشتن دەوەستن، بەڵام ڕیالیزم هەمیشە لەڕۆیشتنەکەی بەردەوام دەبێ و بە بەردەوامی قوڵتر دەبێ و بەتاقیکردنەوەکانی دەوڵەمەنتر دەبێ"(٢٦). بەشێوەیەکی گشتی"ڕەخنەسازانی کۆن گیروگرفتێکیان ورووژاند بۆ ڕاستگۆیی هونەری و ڕاستگۆیی واقعییەت لە دەقی ئەدەبی لەژێر ناوی تر، لەوانە باسی ڕادەبەدەری و نقوم بوون و زیادەڕەویی لە هۆنراوە کراوە، وادەیانبینی کە ئەم زاراوانە بەتەواوەتی دەکەوێتە بەرامبەر ئاخاوتنێك بۆ حەقیقەت"(٢٧). گەر بڕوانینە مێژووی سەرهەڵدانی ڕیالیزم دەبینین لە"ڕیالیزم لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا سەریهەڵداوە، ڕێگەیەکی چۆنێتی هەست دەربڕینی هەنەرمەندە، لە ناوەڕۆك و ناوچەرگەی شتەکان، بێ ئەوەی ڕووی دەرەوەی ئەوشتە ڕێگا لە هونەرمەند وون بکات، هەروەها نموونەی زیندووی ڕووداوی ناوچەرگەی سەردەمەکەی خۆیەتی"(٢٨). ئەدەبی واقعی یان ڕیالیزمی"کە لەسەدی نۆزدەهەمەوە سەری هەڵداوە لە ئەورووپا بەرەو وڵاتانی تر پەلی هاویشت و لەگەڵ سەردەمەدا بایەخی بەشیکردنەوەی گیروگرفتەکانی کۆمەڵ و میللەتی ئەدا، نەیان ئەتوانی بەو زمان و شێوازە کۆنە، گیروکرفتی ژیان و سەردەم دەربڕن"(٢٩).

هەروەها"یەکێك لەکێشەکانی لێکۆڵینەوەی ڕێبازی ڕیالیزم، بەر لەهەموو شتێك ڕوو بەڕووی لێکۆڵەر دەبێتەوە، زۆری ژمارەی جۆری ڕووگەکانییەتی. تەنانەت هەندێ لە نووسەران زیاتر لەسی جۆریان لێی دەستنیشان کردووە"(٣٠). ئیتر(لاسل ابرکرومبی) هەر دەربارەی ئەدەب و ڕیالیزم دەڵێت "پێچەوانەی ئەمانە گەر نووسەر وا بڕوانێتە ئەدەبەکە وەك سونگەیەك بۆ بەجێهێنانی شتێك بۆخوێنەر، ئەمەش ئاشکراکردنە لە تەنیشتی بابەتیانیە لە ئەدب دا، ئەمەش لە کۆتایی دا دەچێتە نێو ڕێبازی ڕیالیزم"(٣١). بۆباسکردنی مێژووی ڕێبازی ڕیالیزم دێنە سەر

ریالیزم لەم چەند وڵاتانە(فەرەنسا، ئینگلیز، ئەڵمانیا، ڕوسیا). بارودۆخی فەرەنسا لە پاش ڕووخانی ناپلیۆن پێوستی بە گۆرانکاری هەبوو بۆیە نوسەرەکانی فەرەنسا لە سەدەی هەژدەمەوە گرنگیان بە ژیان و کێشە کۆمەڵایەتیەکانی خەڵك دەداو کردیانە بابەتی بەرهەمەکانیان و خوازیاری گورینی سیستەمی کۆمەڵایەتی بون واتا بە بەرهەمەکانیان خەڵکیان هۆشیار دەکردەوە"ریالیزم وەکو قوتابخانەیەکی ئەدەبی بەر لەهەر شوێنێکی دیکە لەفەرەنسادا هاتە ئاراوە"(٣٢). بەڵام سەرەتا ریالیزم وەکو ڕێبازێك گەڵاڵە نەبووبوو و نەیتوانی بەتەواوی خۆی بسەپێنێت بەڵام دواتر بە هۆی دەرکەوتنی هەندێ نوسەری بەناوبانگی ریالیزم توانیتی بەتەواوەتی سەقامگیر بێت و خۆی بسەپێنێت و ببێتە قوتابخانەیەکی ئەدەبی نوێ"ڕیبازی ریالیزم بە تەواوەتی نەیتوانی خۆی بسەپێنێت، تاکو کۆمەڵێك نوسەری وەك (بەلزاك و فلۆبیر و ئەلێکسەندەر دۆماس و مۆباسان)و ڕەخنەگرانی وەك(سانت بیف و تین و کانت) دەرنەکەوتن، بەهۆی ئەمانەوە ڕێبازەکە بە تەواوەتی چەسپاو کۆمەڵێك تایبەتمەندی لە خۆگرت و چووە ناو کێشە کۆمەڵایەتییەکان و ململانێی مرۆڤە دەروون جیاوازەکانەوە"(٣٣). کەواتە ریالیزم سەرەتا لە فەرەنسا سەری هەڵداوەو پاشان لە وڵاتەکانی تری ئەوروپا سەری هەڵداوەو بڵاوبوویەوە وەکو لە ڕوسیاو ئەڵمانیاو ئینگلیستان و ئەمریکاو ئێرلەندا...هتد. کە دواتر باس لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی ڕێبازی ریالیزم لە هەریەك لەم وڵاتانە دەکەین. پێشرەوەکانی ریالیزم"ڕازی نەبوون واقیع بکەنە شتێکی میسالی(میتافیزیك)هەوڵیان دەدا، کە وێنەی شتەکان لە واقیعدا چۆنە وای وێنە بکێشن و نوسەر تێیدا بێلایەن بێت. بۆیە نوسەرەکان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا لە فەرەنسا کوتنەخەیاڵی ئەوەی بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە گوزارشت لەژیانی خەڵکی سادەبکەن"(٣٤). بڵاوبوونەوەی (کۆمیدیای مرۆڤایەتی)ی بەلزاك لە ساڵی(١٨٤١)دا، هەرچەند هیچ تیۆرێکی لەگەڵ بڵاونەبووەوە، بەڵام ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە چەسپاندنی تەواوەتی ریالیزمدا. هەروەها ستاندا، گەرچی زۆربەی ڕەخنەگران دەیبەنەوە سەر ڕێبازی ڕۆمانسیزمی ڕەخنەگرانە، بەڵام ڕۆڵێکی مەزنی بینی لە چەسپاندنی شێواز و ناوەڕۆك و بیری ریالیستانە لە ڕۆمانی فەرەنسیدا. شاکارەکەی بریتیە لە ڕۆمانی (سوورو ڕەش) لە (١٨٣٠ز) ئەم ڕۆمانانە بە ئەڵقەیەکی گرنگ دەژمێردرێن لە پەڕینەوەی ڕۆمانسیزم بەرەو ریالیزم. پاشان ڕێبازی ریالیزم لەئینگلترا سەری هەڵدا"بەڵام لای ئینگلیزەکان بیری زانستی بە ڕێبەرایەتی (ستیۆرات میل و داروین سبنسەر) بڵاوببووەوە کە لە ئەدبیاتدا ڕەنگی دایەوەو جێگای بە سۆزو خەیاڵاتە بایرۆنییەکانی لەق کرد"(٣٥). بەڵام ریالیزمی ئینگلیزی بەجۆرێ نییە کە دەقاو دەق بە پاشکۆی ریالیزمی فەرەنسی بژمێردرێت، "لێرەدا ریالیزم هاوزەمانبوو لەگەڵ قۆناغی فەرمانرەوایی شاباتۆ (ڤیکتۆریا)دا و ئەم قۆناغەکە بە(قۆناغی فیکتۆریا)ناودەبرێت، یەکێکە لەقۆناغە پڕ بەخششەکانی ئەدبیاتی ئینگلیزی بەشێوەیەکی میانرەوانە دەستی پێکردو لە دەربرینی واقیعەکانی ژیاندا پەنای بە بەر تەنزو گاڵتەو گەپ دەبرد"(٣٦). ئیدی سەرهەڵدانی ریالیزم لەئەڵمانیا پاش دەرکەوتنی هزری سۆشیالیستی، بیری چارەسەری کێشەکانی هەژاری و بێ بەهرەیی، مێشکی نوسەرانی گرتبووەوە، ئەوە بوو" (ئەلفرێد مایسنەر) لە نوسینەکانیدا، موژدەی ئاشتی و ڕزگاربوونی دەگەیاندە میللەتانی دنیا، هەتا شۆڕشی ساڵی (١٨٤٨)ی سۆشیالیستی ئەڵمانیا بەرپابوو"(٣٧). ئەم شۆڕشە هەموو بیرێکی کۆن و تەقلیدی ڕەتدەکردەوە، ئەوەش زەمینەی بۆ بەرجەستەکردنی بیری ریالیزم سازکرد. لە دوا بە دوای ئەوان"ریالیزم لە ڕوسیا سەری هەڵدا لە نیوەی یەکەمدا سەدەی نۆزدەهەم، (گۆگۆل)مژدەی ریالیزمی ڕاگەیاند، پاش ئەویش(دۆستویڤسکی)زیاتر بنەماکانی ریالیزمی ڕوسیایی چەسپاند،پاشتر(تۆلستۆی) جەختی لەسەر هەردوو ڕەگەزی (ڕاستی)و (ڕاستگۆیی)دەکردەوە"(٣٨). بەم شێوەیە "ئەم ڕێبازە کە لە فەرەنسا سەریهەڵدا لەلایەن(شانفیلۆری وفلۆبێرو بەلزاك و ستاندال و.....هتد) ئیتر لەوێوە لەساڵی(١٨٦٢ز) بەرەو وڵاتانی تری ئەوروپا گواسترایەوە وەکو ئەڵمانیاو ئیتاڵیاو بەریتانیا. پاشان لەساڵی(١٨٧٨ز) لە ناو ئەدەبی ئەمریکی دەرکەوت"(٣٩). هەر

دەربارەی مێژووی ڕیالیزم(میلیت و بنتلی) دەبێژێت"ڕیالیزم لەئاکامی ئەو بزووتنەوەو زانستیانەوە هاتۆتە دی، کە باڵیان بەسەر ئەو ڕۆژگارەدا کێشابوو کە ڕیالیزمی تیادا دەرکەوت"(٤٠). ئیدی ڕیالیزم هێدی هێدی بەنێو وولاٚتانی جیهان تەشەنەی سەندوو گەیشتە نێو دەقی ئەدەبی کوردییەوەش.

سێیەم: تایبەتمەندی و هۆکاری سەرهەڵدانی ڕیالیزم:

أ‌–تایبەتمەندییەکانی ڕیالیزم: ڕیالیزم کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە دەکرێت لەم چەند خاڵەی دیاری بکرێت.

١– بەتێروانینێکی گشتی و هەمەلایەنی لە ژیانی مرۆڤ دەڕوانێت، واتە"هەردوو لایەنی خودی وبابەتی لەبەرچاو دەگرت بەچاك و خراپیەوە"(٤١).

٢– ئەو جیهانەی ئەدیبی ڕیالیزم باسی دەکات بوونی تایبەتی هەیە و لە ناوەڕۆکی ئەوبوونە دەکۆڵێتەوەو کاردانەوەی بەسەر دەوروبەر دا دەردەخات نەك بەشێوەیەکی خەیاڵی دوور لە واقیع.

٣– لەلای ئەدیبەکانی سەر بەڕیالیزمی ڕەخنەگرانە مەبەست لە هونەرە و شتەکان خۆیان و دەربارەی خۆیان دەدوین و تەنیا کارێکی هونەری بەجێ دەهێڵێ و پاشان ئەو بەرهەمە خۆی لەخۆیدا لەخزمەتی سیاسەت و کۆمەڵەدا دەدوزێتەوە یان نا.

٤–ڕەگەزی سەرەکی ئەدەب بە لای ڕیالیزمەکانەوە پەخشان بوو، بەتایبەتی هونەری ڕۆمان لەسەروی هەموو هونەرەکانی ترەوەبوو.زۆرگرنگیان بە شیعر نەدەدا،بەڵکو زیاتر چیرۆك وشانۆگەریان دەنووسی.

٥–ڕیالیزم ڕەدو پێچەوانەی ڕۆمانسیەتە لەوەی کە بیرۆکەکانی لە ناخی واقعیی ژیانەوە وەردەگرێت، وە"پابەند بوونی وێژەش بەکەیسە مرۆڤایەتی یەکانەوە ئەوە ناگەیێنێ کە ئەدەب بۆتە ڕاگواستنێکی پەتی لەواقعەوە بۆ ژیان، وە وێنەگرتنی بۆ کێشەکان و ڕووداوەکان، بەڵکو دەستەواژەیەکە لەسەر تاقیکردنەوەیەك کە شاعیر لەگەڵ کەسانی تر تیایدا دەژیان، یان کاریگەری هەبوو لەسەر دەروونیان، ئیدی لەدوورەوە بێت یان نزیك، بەلاٚم دەربڕین لەبەشی خۆی دا لەم تاقیکردنەوەیە نەك لەبەشی دەورو بەرەکەی دا"(٤٢).

٦– لەڕووی ڕوخساریشەوە، بەتایبەتی لەزماندا نوسەرانی ڕیالیزم "هەوڵیان دەدا زمانێکی پاراو و ڕەوان بەکاربهێنن بۆئەوەی بەڕوون وئاشکرایی گوزارشت لەواقیع بکەن"(٤٣).

٧–ڕیالیزم ئەو خەسڵەتەیە کە "هەر یەکێك لە لای خۆیەوە دەیەوێ بۆ خۆی پاوانی بکات ئەم کارە بەم جۆرە بەردەوام بوو وەهەموو قوتابخانەیەکی نوێ بە بیانوو پاڵپشتی ڕیالیزمەوە دەیەوێ قوتابخانەکەی پێش خۆی تەفر و تونا بکات"(٤٤).

٨–ڕیالیزم لەدوو سەرچاوەوە هێزو توانای وەردەگرت"یەکەمیان:.ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و هونەرمەندانی هەژارو دەستکورت و زەوق وسەلیقە جیاوازان هەبوو. دووەمیان:.کاریکاتۆریستان و نیگارکێشانی قوتابخانەی باربیزۆن بوون"(٤٥).

٩– ڕیالیزم لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە"هەواڵدانێکی گەورەبوو بۆ دۆزینەوەی ئەو یاسا گشتییانەی کە کار دەکەنە سەر کردەوەو ڕەوشتی مرۆ ڤلە کۆمەڵدا"(٤٦).

ب–هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕیالیزم: ئەوهۆکارانەی کە دەورێکی باڵایان لە هاتنەکایەی ڕیالیزم هەبوو دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەست نیشان بکرێت:.

١– لەئەنجامی لاوازبوونی ڕێبازی ڕۆمانتیکەت، وەکو بەرپەرچدانەوەی قوڵبوونەوەی ڕۆمانتیکییەکان لەنێو خەیاڵ واتا ڕۆمانسیزمیەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان ڕوویان لە خەیاڵ کردبوو کەوای لەخەڵك کرد لێیان دووربکەونەوە هەروەها ڕۆمانتیکیەکان هۆش و بیریان پشتگوێ خست ئەمەش وای کرد ڕیالیزم سەرهەڵبدات.

٢-پێشکەوتنی زانست و دەستکەوت وداهێنانەکانی"بواری بایۆلۆژیاو سروشتناسی و زانستی بۆماوەی هۆکارێکی تری گۆرینی شێوازی ئەدەبی و دەرکەوتنی ڕیالیزم بوو"(٤٧).

٣-هەردوو ڕێبازی کلاسیزم و ڕۆمانتیکیەت،"لە پێناو بانگەشەکردن بوو بۆچینی بۆرژواو ئەرستۆکراتی، بۆیە سەرهەڵدانی ئەدەبی ڕیالیزمی وەلامدانەوەی خواستەکانی جەماوەرو چینی ژێردەستەبوو"(٤٨).

چوارەم: ڕێچکەکانی ڕێبازی ڕیالیزم:

ڕیلیزم بە شێوەیەکی بەرچاو جێی خۆی کردۆتەوە لە دەب دا، بۆیە دەتوانین بەڵێن زاراوەی ڕیالیزمی ئەدەبی واتە"ئەم زاراوەیە مەبەستی لێی دا هەندێ کات تێبینی واقیع و تۆمارکردنی تەواوی هەموو ئەو بوارو بۆچوونانەو ئەو وێنە واقیعیانەیە، کە بەشێوەیەکی وێنەی فۆتۆگرافی دەبینرێت. وە دوور کەوتنەوە لە ئەندێشەی بابردووی نووسەرو ڕەهەندەکانی خەیاڵ. وەمەبەست بەهەندێ کاتب یەکسانە یان بابەتی پراوپر، لێرەدا ئەوە مەبەستێتی لە قەدەغە کردن و تەشەنەکردنی بیری نووسەر سۆزو حەزو ئارەزووەکانی نووسەر خۆی بۆ نێو کارە ئەدەبییەکانی دا"(٤٩).

ڕیالیزم بە سیفەتی ئەوەی چەند بنەمایەکی فەلسەفیش بووە و واقیعی لە ئایدیاڵ و ڕۆح جودا دەکردەوە، لە ئاکامدا بووە بنچینەیەك بۆ لە دایکبوونی چەندین لقی جۆراوجۆر. ڕەخنەگر و ئەدەبناسانە ڕێبازی ڕیالیزم بەسەر چەند لق و ڕێکەیەکدا دابەش دەکەن کە ئەم ڕێچکانە بە زەحمەت لە یەکتری جودا دەکرێنەوە چونکە هەموویان لە یەك سەرچاوە هەڵقوڵاون کە ئەویش واقیعە. تەنانەت هەندێ لەڕەخنە گران ڕێبازی پەرناس وسنوولێزمیش دەگێڕنەوە سەر ڕیالیزم، بەشێوەیەکی گشتیش ڕێچکەکانی ڕێبازی ڕیالیزم بریتین لە(ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە، ڕیالیزمی سۆشیالیزمانە، ڕیالیزمی شۆرشگێڕانە، ڕیالیزمی دەروونی).

١-ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە: ئەم ڕێبازە بریتییە لە"ڕیالیزمی ڕەخنەگری مێژوویەکی دێرینی هەیە و لە نێو ئەدەبی زۆربەی میلەتان دا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە واقیعی کۆمەڵایەتی تەختەی شانۆیی ڕوداوەکانێتی و، لەو چوار چێوەیەدا پەیوەندی کاریگەری نێوان کەسی سەرەکی و ڕوداو واقیع دا دەردەکەوێ. ڕیالیزمی ڕەخنەگری زیاتر ڕەشبینە لەتێروانین بەرانبەر ئاسۆو گۆرینی واقیع"(٥٠). هەروەها دیمین گرانت دەڵێت:"ڕیالیزمی ڕەخنەیی بە ڕووحی یەتێکی ڕاستەقینەوە وێژەر دەیەوێت خۆی ببخشێت بە جیهانی واقعەوەو دەرگاکانی لەسەر پشت بۆ شاسوارانی زانست بکاتەوە، ئیدی ئەمە واقعیەتەو بانگەوازێکی کراوەیە لەڕەخنەوە بۆ سروشت"(٥١). ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە ڕێگە بە نوسەرەکان دەدات بۆ"دژیەکییەکان پەیوەندی سەرمایەداری، کە لەسەر بنەمای ڕژێمی دەرەبەگایەتی دروست بووە، دەربخەن و شیبکەنەوە، لەبەر ئەمەشە کە شیکردنەوەکانی بۆ واقیع لە بزووتنەوە ڕاستیەکەیەوەیەتی و یەکێك لە ئامانجە گەورەکان پێکدەهێنرێت، ئەوەش ئەوەیە کە ئەرکە مرۆڤایەتییەکەی داوای دەکرد، چونکە بە ئەدەبی هەموو کۆمەڵی دادەنا"(٥٢). د. محمد مندوریش وای بۆ دەچێ:"بەم شێوەیە بۆمان ڕووندەبێتەوە چۆن ڕیالیزم تەنها وەرگرتن نییە لە واقیعی ژیاندا وە وێنەگرتنی بەخشەندەو خەراپە وەك ئامێری فۆتۆگرافی، هەروەها چارەسەری کێشەی کۆمەڵگە و پەراوێز کردنی یان ئاراستەکردن بۆ چارەسەری. بەلام بریتییە لە فەلسەفەیەکی تایبەت لەچەمکی ژیان وزیندووکردنەوە شیکردنەوەیان، یان بریتییە لە ڕاوبۆچوونێکی تایبەت ئەڕوانێتە ژیان لە ڕوانگەیەکی ڕەشبینییەوە، دەڕوانێتە خەراپە ئەو خۆمالّییە لە ناخی مرۆڤ دا وە ڕەشبینی وریایی هەردوو پێویستە لە نێو ئادەمیزاد نەك نموونەیی و گەشبینی"(٥٣). نووسەرانی ئەم جۆرە ڕیالیزمە، تەوەرەی نووسینەکانی لەبازنەی باسکردن و وەسفکردن و پیاهەڵدانی نەتەوەکەیان و هەروەها خستنەرووی ئەو کێشە و گرفتانەدا چڕ دەکاتەوە کە ڕووبەرووی نەتەوەکەی دەبێتەوە، واتە"نووسەری ئەم ڕیالیزمە دەیەوێت لەم بوارەدا زەمینەیەك بسازێنێت بۆ گرنگیدان بە نەتەوەکەی کاربکات بۆ دەرخستن و دۆزینەوەی چارەسەری ئەو فاکتەرانەی کە ڕێگرن لە بەرامبەر

وەرگرتنی ماف ڕەوای نەتەوەکەیدا، بەئاماژە کردنی خاڵ بەخاڵی ئەو گرفتانە و لێکدانەوە یان وەدەرخستنی خاڵە لاواز و بەهێزەکان"(٥٤). ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەش"ڕەخنەگرانە تێکرا کۆمەڵایەتی بووە، لەسەرەتادا، هیچ تیۆرێکی زانستی و بیرو ڕایەکی فەلسەفی ئامادەکراوی پراکتیکی پەیڕەو نەکردووە، کەچی هەڵدەستا بەڕەخنەیەکی بنیاتنەرانەو راڤەکردنێکی واقیعی بۆ ژینگەو کەسایەتی یەکاندا"(٥٥).

٢- ڕیالیزمی سۆشیالیزمانە :

ئەم زاراوەیە بۆیەکەم جار"لە وولاتی یەکگرتووی سۆڤێت دا ساڵی(١٩٣٢) بەکارهێنراوە سەرەتای دروست بوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم"(٥٦). هەروەها ئەم ڕیالیزمە سۆشیالیستە واتە:"میتۆدێکی هونەریی ئەدەب و هونەرە، کە هەڵگری بۆ چوونێکی ئیستێتیکی دەربڕینی هۆشیارییەکی سوسیالیستانە چەمکی جیهان و مرۆڤەو پابەندی مەرچەکانی سەردەمی خەباتکردنە لە پێناوی دامەزراندن و بەرقەرارکردنی کۆمەڵی سۆسیالیستی دا"(٥٧). ڕیالیزمی سۆشیالیست ڕێبازێکی هونەرییە"بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە لەمەودایەکی مێژوویی سنووردارا وێنەکێش واقیع دەکات، کەتیایدا پەروەردەی چینی زەحمەتکێش بەپەروەردەیەکی شۆرشگێرانەو سۆشیالیستی دەکات"(٥٨).

لێرەدا واقیعیەتی ڕیالیزمی ڕامیاری بریتییە لە"واتە ڕازیبوون بە ڕووداوی واقیعی و دان پێدان بە باروودۆخی بەر بەڵاو، واتە واقیعیەت لێرەدا واتایەکی وا دەگەیێنێ کە نەرێنی و خۆبەدەستەوە دانی بێت، کەچی بە بیرو ڕای هەندێکی تر لە نووسەران مەبەست لە واقیعیەت ڕایەکی بابەتی نەرێنی یە"(٥٩). ڕیالیزمی سۆشیالیستی وەك ڕێبازێکی ئەدەبی تایبەت بە(مارکسیزم-لینیزم)بەو مەبەستە تایبەتە سەریهەڵدا ڕەگ و ڕیشەی ڕیالیزمی سۆشیالیست لە بەرهەمەکانی(لۆرکای)ئیسپانی و(بریخت)و ئەڵمانی و (تۆراگۆن)ی فەرەنسی و (نازم حیکمەت)ی تورکی و (پاپلۆ نیرۆدا)ی چیلیدا هەیە"ڕیالیزمی سۆسیالیستی بە گەشبینیەوە لە ژیانی دەڕوانی و بە ئومێدەوە دەژیا و داوای لە کۆمەڵ دەکرد کە توشی نائومێدی نەبن. ئەم ڕێبازە پەیوەندییەکی ڕۆحی هەبوو لە گەڵ چینی کرێکاران لە پێناوی دادپەروەریەکدا هەوڵی دەدا کە ژیانی کرێکاران خۆشبکات. هەر لەبەر ئەمەشە ئەم ڕێبازە زۆر جار بە ڕێبازی گەلی ئازادی خواز ناودەبرێت"(٦٠).

٣- ڕیالیزمی شۆرشگێرانە:

ئەم ڕێبازە مرۆڤ وکۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەحاڵەتی پەرەسەندن وگۆڕانکاریدا وێنە دەکێشا. باوەڕێکی شۆرشگێرانە ویتەوی بە گۆڕانی مرۆڤ و کۆمەڵگە هەبوو لە خراپەوە بەرەو باش وە لە باشەوە بەرەو وباشتر. ئایدیۆلۆژییەتی مارکسیزم و لینیزم، لە پێش شۆرشی ئۆکتۆبەری ڕووسیای١٩١٧، پاڵپشت و زەمینەی فیکری ئەم ڕێبازە بوو. ناوەکەشی هەر لە مەوە هاتووە.

ئەمیل زولا بۆ ڕیالیزمی شۆرشگێرانە وادەدوێت:"ڕیالیزم گونجاندنی تیۆرە زانستییەکانە لەسەر ڕاستییە کۆمەڵایەتی ومرۆییەکان، وەمەبەستی سەرەکی لە هەقیقەتی زانستی تەنها ئەوەیە کە هونەر نامەیەکەو پێشەوایی مرۆیی بێت"(٦١). ماکسیم گورکی کە هاورێی نزیکی لینین بوو، بە"دامەزرێنی ئەم ڕێبازە لە قەڵەم دەدرێت. هەرئەویش بووە مایەی پەرەسەندنی ئەم ڕێبازە و دروستبوونی ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیا لیست لە(١٩٣٢-١٩٣٤)دا لە یەکێتی سۆڤییەت. بە ناوبانگترین ڕۆمانی سەر بەم ڕێبازە: ڕۆمانی ((دایك))ە، نووسراوی ماکسیم گورکی"(٦٢). شاعیران لە شیعرەکانیاندا کێشەو داخوازییەکانی نەتەوەکانیان دەخستەڕوو، لە هەمانکاتدا شاعیران بوو بوون بە پێشرەوی گەلان و شیعرەکانیان بوون بە مەشخەڵی ڕزگاریخوازیی، بەو جۆرە ئەدەبێکی تر هاتە کایەوە، کە بە ڕیالیزمی شۆرشگێرانە دەناسرێتەوە.

٤-ڕیالیزمی دەروونی:

ئەوەش جۆرێکی تری ریالیزمە، کەباس لەباری دەروونی تاك دەکات لەناو کۆمەڵگادا ، لەبواری ئەدەب و هونەردا گرنییەی تایبەت بەخۆی هەیە، نوسەری ئەم جۆرە ریاڵیزمە تەوەری نووسینەکاتی لەچوارچێوەی باسکردنی باری دەروونی مرۆڤەکان(تاك)، لەهەندێك لە چیرۆکەکانی(جەلیل کاکەوەیس)دا ڕەنگداتەوە بەتایبەتی چیرۆکەکانی"لە ئامێزی بێ دەنگی دا، پەژارە، تاراوگەی کەنەفتان ... هتد) دەتوانرێ (تاوان و سز)ی دۆسیۆیسفکی بەوە وەسف بکەین کە چیرۆکێکی جینایی دەروونیی یەکجار ئالۆزە"(٦٣).

زاراوە و چەمکی دەروونناسی، لە زمانی کوریدا (دەروونناسی و دەروونزانی) بەکاردهێنرێت هەر دوو زاراوەکەش ئەو دەگەیێنی کە شارەزابوونە لەشتە شاراوەکانی دەروون یاخود زانینی زانیارییە لەسەر رەفتار ... لەزمانی عەرەبیدا زاراوەی (علم النفس) بەواتای زانستی دەروون واتا زانینی شتە شاراوەکانی دەروون دەگەیێنی ، لەزمانی ئیگلیزیدا زاراوەکە (physiology) بەکاردێت ئەمیش لەدوو بەش پێك هاتووە (Physio) بەواتا لەزمانی هاتووە (logy) بە واتای زانست دێت پێکەوە واتای زانستی دەروون یان دەروون زانی دەگەیێنێت، واتا لە زامانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزیشدا هەمان واتادەگەیێنێت، زۆر جاریش (زانستی دەروون)یش لە زمانی کوردیدا هاتووە"(٦٤).

***************************************

بەشی دووەم/یەکەم–ریالیزم لە هۆنراوەی کوردیدا:

سەردەمی ڕێبازی ڕۆمانسییەتی کوردی کورت بوو بەهۆی تەوژمی نوێی ڕێبازی ڕیالیزمدا خۆی نەگرت و دایە دواوە، بە تایبەتی دوای شەڕی جیهانی دووەم و ڕاپەرینە گەورەکەی میللەتی عێراق کە لە ١٩٤٨ز ڕوودا، ئەم ڕووداوانە لە ناخەوە شاعیری کوردیان هەژاندو بەرەو رووی واقیعێکی تازەکردنەوەی برد.

ڕیالیزم بە پێچەوانەی ڕۆمانسیزمەوەیە لە کۆسپ و تەگەرەکانی ژیان ڕاناکات، بەڵکو ڕووبەڕووی کۆسپەکانی ژیان دەبێتەوە، هەروەها هەوڵ بۆ نەمانی ئەو تەگەرانە دەدات، وە"ئەو شەپۆلە شۆرشگێرییە فراوانەی کە لە دوای ڕاپەرینی١٩٤٨عێراقی گرتەوە جگە لەوەی لایەنی شۆرشگێرێتی ئەدەبی عێراقی بەهێزترکرد، هەروەها بەشدار بوونی ڕاستەوخۆی جەماوەری عەرەب و کورد لەو شەڕەی دوای کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر بەهێزبوونی لایەنی ڕیالیزمی لە ئەدەبی کوردیدا وە ئەو سەرکەوتنانەی بزوتنەوەی شۆرشگێرێتی بەدەستی دەهێناو چین و توێژی زیاتری جەماوەر بەشداری تێدا دەکرد کارێکی گەورەی کردبووە سەرهەستی نووسەران و لە ئەنجامدا لایەنی ڕۆمانسی لاوازبوو و بەرەو لە ناوچوون دەچوو"(١). ئیدی لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی دروستبوو، بووە هۆی ئەوەی شاعیران و نوسەرانی کورد ڕوو بکەنە ژیانی واقیعی کۆمەڵگای کوردی و بابەتەکانیان لە واقیعی ژیانی گەلی کوردەوە سەرچاوەی وەدەگرت، ئەمەش وای کرد لایەنی ڕیالیزمی لە نێو هۆنراوەو ئەدەب و هونەری کوردی دا بە دەرکەوێت، لە ئەنجامی"ئەو هەموو ڕووداو و کارەسات و بەرخودانی لە ژیانی سیاسی میللەتی کورد لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمی هاتەکایەوە بووە کەرسەیێکی بەپێز بۆ شاعیر و چیرۆکنووس و شانۆنوس ..هتد، کە هەوڵبدەن لە ڕوانگەو بینینی خۆیاندا وەکو خۆی لای هەندێکیان یان ئەوە تاهەندێکیان ئەو بابەتانەیان تێکەڵ بە خەیاڵ و فانتازیا دەکرد و ئومێدی ئایندەیەکی جوانتر و گەشتر لەبەر هەمەکانیدا ڕەنگی دەدایەوە ئەگەر چی ڕەگ و ڕیشەی ڕیالیزم بەو واتایەی، کە نووسەر یان هونەرمەند بەرهەمەکەی پەیامداری تیا بێت و ڕەنگدانەوەی ئێش و ئازارەکانی زۆرینەی کۆمەڵ بێت"(٢). بوونی ڕیالیزم لە نێو ئەدەبی کوردیدا زۆر پێویست بوو چ لەو سەردەمە و چ لەسەردەمی ئێستاماندا، چونکە لەو کاتەدا تاك لە پلەیەکی نزمی هۆشیاریدا بوو، پێویستی وریابوونەوە و جووڵەی ڕابەرانی هەبوو، بۆ ئەوەی بە ئاگا بینەوە لە هۆکاری ستەم و چەوساندنەوەیان، کە بێگومان خۆیان بە پلەی یەکەم بەرپرسیار بوون لێی، وە بەداخەوە پێمان وایە پاش تێپەڕ

بوونی سەدەیەك زیاتر تاكی كورد لە پلەیەكی بەرزی هۆشیاریدا نییە! "گومانیش لەوەدا نییە ئەم نەریتە خراپ و ترسناكەی واقیعی ئەمڕۆی كۆمەڵگەی كوردی یە"(٣). ڕەگ و ڕیشەی ڕیالیزم بە ڕاستەو خۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ لە شیعری شاعیرانی كورد وەك(بابە تاهیر هەمەدانی و فەقێ تەیران و ئەحمەدی خانی و حاجی قادری كۆیی و نالی و سالم)دا ڕەنگی داوەتەوە و هەروەها بە شێوەیەكی ئاشكراو ڕوون لە هۆنراوەی شاعیرانی سەرەتای سەدەی بیستەمیش بەدی دەكرێت، وەك لە هۆنراوەكانی(گۆران و بێكەس و پیرەمێرد و كامەران موكری و دیلان و كاكەی فەلاح و ئەحمەد هەردی)دا. چۆنیەتی سەرهەڵدانی ڕێبازی ریالیزم لە ئەدەبی كوردیدا پەیوەستە بەبارودۆخی كومەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری گەلی كوردەوە كاتێك كە شاعیران ڕوو بەڕووی ڕووداوەكانی دوای جەنگی یەكەم ودووەمی جیهانی و ئەنجامەكانی بوونەوە، هۆشیاری سیاسی و جۆرێكی تری ستەم لە سەریان دەركەوت و وردە وردە بەرەو هەندێك تایبەتمەندیەتی ڕیالیزمیانە ڕۆیشتن، كەواتە" ئەدەبیاتی ڕیالیزمی كوردی لە نێوان جەنگی یەكەم و دووەمی جیهانی سەریهەڵداوەو جێگیر بووەو دەستی بەسەر ئەدەبیاتی كوردیدا كێشاوە"(٤).

بەهۆی ئەو بارودۆخە تایبەتیەی كە هەردوو جەنگی جیهانی هێنایە ئاراوە، ئەویش خۆی لە ڕزگاری نەتەوەیی و سەربەخۆی و شۆڕشی گەلاندا دەبینیەوە ئەوە بوو لە ئەنجامی جەنگی یەكەمدا چەندین میللەت كەوتنە خەبات و شۆڕش بۆ ڕزگاری نەتەوەكەی، میللەتی كوردیش وەكو میللەتانی تر بەدەر نەبوو لەوخەباتە بۆیە گەلی كورد شان بەشانی میللەتانی تر خەباتیان كردووە، بێگومان ئەو ڕووداوانەش ڕەنگدانەوەی خۆی دەبێت لە ئەدەبیاتی كوردیدا "ژیانی گەلی كوردو خەباتی خۆیی و خەباتی هاوبەشی شان بەشانی میللەتی عەرەب و خەباتی گەلانی گیتی ڕوو بەڕووی ئیستعیمار لەو ئەدەبیاتەدا بەجۆرێكی هونەرمەندا ڕەنگی داوەتەوە. تەنانەت ڕێبازی ڕیالیزمی لەم سنوورەی ڕەنگدانەوەی خەبات و ژیانیشدا نەوەستا، بەڵكو شەقڵی ڕیالیستی بەهەموو كونجێكی ڕەنگدانەوەی هەست دەربڕین وهونەر دەرخستنەوە دیارە"(٥). هەر وەكو لە پێشتر ئاماژەمان بۆكرد لەئەنجامی ئەوبارودۆخەی كە لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی دروست بوو وە ئەو گۆڕانە خێراییانەی كەبەسەر بارودۆخی كۆمەڵگای كورددا هات، پێویستی قۆناغەكە وای كرد شاعیرن و نووسەران خۆیان لەباوەشی واقیعی ژیانی میللەتەكەیاندا ببەنەوەو گوزارشت لەو واقیعە بكەن كە بارودۆخی سەردەمەكەیان دروستی كردبوو، بۆیە ئەو بارودۆخە وای لەو شاعیرانە كرد، كە پێشتر سەر بە ڕێبازی ڕۆمانسی بوون تەنها باسی زوڵف و ئەبرۆ و چاویان ئەكرد ڕوو لە ڕیالیزم بكەن و ببنە نموونەی شاعیرانی ڕیالیزمی كوردی"ڕیالیزمی شیعری كوردی وێنەی زیندووی ژیانی میللەت و كۆمەڵانی خەڵكە، دیمەنی ئەو گۆڕانكارییە گەورەیە كە سەرتاپای ژیانی ڕامیاری و ڕۆشنبیری ئادەمیزادی كوردی گرتەوە ئەو تەوژمە شۆڕشگێریەی ساڵانی جەنگی دووەم هەموو لایەكی گرتبووەوە كاری كردە سەر شاعیرنی ئەو سەردەمەو تەنانەت ئەوانەی بە ڕۆمانسیەت دەستیان پێ كردبوو ڕوویان لە ڕیالیزم نا، ئەوانەش كە نەیان توانی لە بەرهەمەكانیاندا ئاوات و ئامانجەكانی میللەت دەرببڕن لەگۆڕەپانی ئەدەبی دووركەوتنەوە، تاوای لێهات وردەوردە ڕێبازی تاك وتەرای ڕۆمانسیزم لەناواندا نەما كێشەی ئاڵۆزی سەردەمەكەو ئاشتی و برایەتی و نیشاندانی دەردو ناسۆری كۆمەڵایەتی كرۆكی شیعری ڕیالیزمی كوردی ئەو ساڵانە"(٦).

شاعیرانی ڕۆمانسی ئیتر لە جیاتی ئەوەی بۆ یارەكانیان بگرین و دەستبەرداری گۆشەگیری خۆیان بوون و ڕەخنەگرتن لە ناهەمواریەكانی كۆمەڵ ئەم دیاردانە لە شیعری شاعیرانی ئەو سەردەمە ڕەنگی دایەوەو ڕووداو كارەساتەكان بوونە هەوێن و ئیلهامی شیعرەكانیان، لێرەدا چەند شیعرێكی ڕیالیزمی لە هۆنراوەكانی چەند شاعیرێكی كورد دەخەینەڕوو. لە سەرەتادا دەمانەوێ گەشتێك بەنێو دیوانی شاعیری گەورەی كورد بكەین، كە ئەویش (پیرەمێرد)ی شاعیری لە نەورۆزی(١٩٤٨)، لە شیعری(نەورۆز)دا دەڵێت:

( ئەم رۆژی ساڵی تازەیە، نەورۆزە هاتەوە جەژنێکی کۆنی کوردە، بەخۆشی و بەهاتەوە )
( چەند ساڵ، گوڵی هیوای ئێمە پێپەستبوو تاکو پار هەرخوێنی لاوەکان بوو، گوڵی ئاڵی نەو بەهار )
( ئەو ڕەنگە سوورە بوو، کە لەئاسۆی بڵندی کورد مژدەی بەیانی، بۆ گەلی دوورو نزیک ئەبرد)(٧)

ئەم هۆنراوەیە زیاتر ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە شاعیر بەراستی بابەتیانەبووە، نەوەك خودیەتی کە مەبەستی تەنها خزمەتی تاك ڕەهەندی خۆی لەبەرچاو نەبووە، بەلکو بەپێچەوانەوە ئاواتی خزمەتکردنە بەمیللەتەکەی، هەر بۆیە بە بۆنەی(جەژنی نەتەوەیی نەورۆز) ئەم هۆنراوە جوانەی هۆنیوەتەوە"کە تا ئێستاشی تیابێت بەسەر زاری هەموو کوردێکەوە لە ڕۆژی جەژندا دەوترێتەوە کە بەڕاستی توانیویەتی سمبولی نەتەوەیی لەهەڵبەستەکەیدا بچەسپێنی"(٨).

لەڕووی زمانی نووسینیشەوە، ئەوا شاعیر پەیڤە ناسکەکانی کوردی بەکارهێناوە دوور لە زمانە تێکەلیەکەی کلاسیکی کە پڕبوو لە پەیڤەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی، ئەو وێنانەی کە شاعیر سازی داون زۆر ئاستەمە لە سەردەمی ئەمرۆماندا هۆنیارێك بتوانێ ئا بەم شێوەیە هۆنراوەیەکی وەها بهۆنێتەوە.. ئەم وێنانە پڕیەتی لە تابلۆی ڕەنگاو ڕەنگی ڕیالیزمیانە، لەڕێگەی باسکردنی جەژنی نەورۆز چ وەکو جەژنێکی نەتەوەیی گەلی کوردو چ وەکو مانگێك و دەستپێکی ساڵی نوێی کوردی کە مژدەی لە دایکبوونی ساڵی تازەو سەردەرهێنانی گوڵ و گوڵاڵە و دار و درەختەکانە، کە بەهۆیەوە خۆشی و شادی بۆ هەموو لایەك ئەگەڕێنێتەوە. هەروەها جەژن کە ڕۆژی خۆشییە، هەر بۆیەشە هەموو خەڵك لە نەورۆزدا بەرەو سەیران و گەشت ئەچن"ڕۆژی نەورۆز (جەژنی قەومی کوردستانە)و ئینجا عەجەب ڕۆژێك کە بناغەی بووژانەوەی ژیانی قەومێکی تێدا دەرکەوێ، چۆن ئەو ڕۆژە ئەبێ نەکا بەجەژن"(٩).

وەك دەزانین لە(١٩٤٨)دا کۆمەڵێك لاوی شاری سلێمانی بەسەر شـەقامەکاندا خۆپیشـاندانێکی گـەورەیان کـرد، ئەوە بوو لەو ڕۆژگارەدا ڕاپەڕین سەری هەڵدابوو، ئەگەرچی(پیرەمێرد)یش یەکێك لەو شاعیرانەی کەوا نقوومی خەیاڵی ڕۆمانسیانەبوو، بەڵام ڕاپەڕینی ساڵی١٩٤٨ و شەهیدانی گەلی کوردی هەژاند بۆیـە ئـەو ڕووداوانـە وای لـە پیرەمێـردی کرد کە واقیعی کۆمەڵگا لە هۆنراوەکانی بەرجەستە بکات.

بێ کەسی شاعیریش لە شیعری(قەومی کورد) دا واقیعی کۆمەڵگای کوردی دەرخستووە و دەڵێت: قەومی کورد.

( قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆعالەمی سەرڕووی زەمین )( میللەتێکی قارەمانن هەرئەبێ سەربەست بژین )
( میللەتێ لاوی لە ڕێگەی سەربەخۆیی نیشتمان )( بێتە بەرسیدارە، بێ ترس، دەم بەخەندو پێکەنین )
( قەومی وا نامرێ ئەژی با دوژمنی هەر شەق بەرێ )( ساحیبی ڕۆڵەی نەبەردە خاوەنی عەزمی مەتین )(١٠).

بێکەس ئەم شیعرە بە سۆزەی بەبۆنەی هاتنەوەی لاشەی چوار ئەفسەری قارەمانی کورد بۆ سلیمانی لـە سـاڵی ١٩٤٨ وتویەتی، ئەوە بوو( لە ڕۆژی١٩ی حوزەیرای١٩٤٧زدا کاربەدەستان و دەسـەڵاتدارانی حکومـەتی عێـراق چـوار ئەفسەری کورد پەروەریان لە سێدارەدا، ئەوانەی بەشداریان لە دامەزراندنی کۆمـاری مـەهاباد کردبـوو"(١١). بێکـەس لەم شیعرەی دا هانی لاوانی دەدات بۆ تێکۆشان تاکو لەو بارە ناهەموارە ڕزگاریـان بێـت و ئاسـوودە بـژین. هـەروەها ڕێبازی ڕیالیزمی تەنها لەم چەند دەقەیەی کە باسمان لێیەوەی کرد، کۆنابێتەوە بەڵکو هـۆنراوەی کـوردی چـەندین دەقی تری لەخۆ دەگرێ کـە بـە شـێوەی ڕێبـازی ڕیـالیزم هۆنرابێتـەوە، لـە ئـەدەبی کوردیـدا کـە خـاوەن ڕێبـازی ڕیالیزمین و واقیعی کۆمەڵگەیان بەرجەستەکردووە .

## دووەم: تایبەتمەندی و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕالیزمی کوردی:

أ-تایبەتمەندییەکانی ڕیالیزم لە هۆنراوەی کوردیدا: بەهۆی ئەو گۆڕانە خێرایانەی بەسەر بارودۆخی کۆمەڵگای کورددا هات و پێویستی قۆناغەکە وای کرد شاعیران خۆیان لە باوەشی واقیعی ژیانی میللەتەکەیاندا ببیننەوەو باس

لەو واقیعیك بكەن كە بارودۆخی سەردەمەكەیان دروستكردووە، لێرەدا باس لەچەند تایبەتمەندییەك دەكەین كە شاعیران كردوویانە بە كەرەستەی ڕازاندنەوەی بەرهەمەكانیان.

١- باسی لە گیروگرفتی كۆمەڵایەتی و هۆكاری دواكەوتنی كوردەواری لە بارەی پێشنەكەوتنی كۆمەڵایەتی و هەندێك دیمەنی شارستانی تازەوە.

٢- ژیانی جوتیاری كوردو دیمەنی ڕەنج بردن و كێشان و كێشەی نێوان جوتیارو دەرەبەگ ودیمەنی خەباتی جوتیار.

٣-ژیانی كرێكاران و ڕەنگدانەوەی پەیدابوون و گەشەسەندنی چینی كرێكار لەناو كورددا، هەروەها بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی چینی كرێكارو دەسەڵاتسەندنی ئەو بیروباوەرە، كە دەبێتە هۆی پتەوبوونی ڕۆڵی كرێكار لە كۆمەڵگەدا.

٤-خەباتی ئازادی خوازانەی نەتەوەیی كورد لەپێناوی ماف ڕەوای خۆیدا، كە ئەمە"بەشێكی گەورەیە لە بەرهەمی ئەدەبیاتی ئەم سەردەمەو هەندێك لە شارەزایان ناوی دەنێن (هۆنراوەی سیاسی لە ئەدەبیاتی كوردیدا)، كە ئەمەش بەشێكە لەخەباتی ڕەوای ئادەمیزادی ئەم سەردەمە بەرامبەر بە كۆنە پەرستی و سەرمایەداری و چەوساندنەوە"(١٣).

٥-ئەدگارەكانی ئەدەبیاتی ڕیالیزمی كوردی لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی، دابەش دەكرێتە سەر چەند ئەدگارێك:"تەنگ و چەڵەمەی كۆمەڵایەتی، ژیانی فەلاح، ژیانی كرێكار، ژیانی تێكرای گەل و دەستە زەحمەت كێشەكان، خەباتی گەل، هاوكاری و برایەتی نێو كورد، برای عەرەب و كورد، هاوكاری تێكۆشانی جیهانی، مەسەلەی ئاشتی و جەنگ، نرخ پێدانی ئادەمیزاد، وێنەی ئافرەت و سروشت"(١٤).

٦-جۆری مامەڵەكردنی شاعیرانی كورد لەگەڵ واقیع و هەڵوێستی بەرامبەر بەو ڕووداو و گیرو گرفتانەی كە ڕووبەڕووی ژیانی مرۆڤ دەبنەوە، كە لە دوو بۆچوونی جیاوازەوە باس كراوە:.

أ-پابەندبوونی شاعیر لەوەدایە كە ئاگاداری گیروگرفتەكانی ژیانی كۆمەڵگاكەی بێت و پاشان پیشانی بداو بیانخاتە ڕوو، چارەسەرێكیانیش بۆ بدۆزێتەوە.

ب- پابەندبوونی شاعیرە لەوەدایە كە لەپاڵ شۆڕبوونەوەی ناخی كۆمەڵ دیاریكردن و خستنەڕووی ئێش وئازارەكانی مرۆڤەوە بەشداری لە چارەسەركردنی بكات كە ڕووبەڕووی كۆمەڵگاكەی دەبێتەوە، واتە:"ئەم بۆچوونە ئەركی شیعر بەوە دیاری دەكات تا چ ڕادەیەك ڕۆڵی خۆی دەگێرێت لە دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك بۆ ئەو گیروگرفت لە كۆمەڵدا هەن و بەشداری لە ڕێنمایی كردن و ئاڕاستە كردنی كۆمەڵانی خەڵكدا دەكات"(١٥).

<u>ب-هۆكارەكانی سەرهەوڵدانی ڕیالیزمی كوردی:</u> بێگومان كە ئەم كێشەی سەركەوتنی ڕیالیزمە، شتێك نییە، لە خۆیەوە هاتبێت و نەبەستراببێت بەباری كۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری كوردستان وناوچەكەوە، بەڵكو باری ئەو سەردەمەی جیهانیش كارێكی تەواوی كردە سەر ئەم كێشەیەو ئەنجامەكەی، بەتایبەتی ئەو گۆڕینەی كەبەسەر گەلێك لایەنی ژیانی مرۆڤایەتیدا هات لە ئەنجامی جەنگی دووەمی جیهانیەوە، واتە هۆیە دەرەكییەكان، وە هۆی ناوەوەی كوردستانیش، وە دروست بوونی كۆماری كوردستان لە مەهابادو، وەلەناوچوونی بەدەستی ئیمپریالیزمی كۆنەپەرستانی ئێران، ئەمانە كارێكی گرنگیان كردە سەر هۆنراوەی كوردی، وای لێهات  پاش جەنگی دووەمی بەسەردەمی بەرەوپێش چونی هۆنراوەی كوردی دا ناودەبرا، بەتایبەتی ڕێبازی ڕیالیزمی كوردی"(١٦). كارەساتەكانی جەنگی یەكەم و دووەمی جیهانی كاریگەری زۆری لەسەر جیهان بەگشتی و كوردستان بەتایبەتی هەبوو هەر لەقۆناغی دوای جەنگی دووەمی جیهانی داو بەهۆی هەوڵی بەردەوامی بەریتانیا بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی. ئەمە وای كرد كە"كۆمەڵێك هەنگاو لەلایەن كەسانی ڕۆشنبیر بنرێت لە پێناو هۆشیار كردنەوەو بەرزكردنەوەی گیانی نەتەوایەتیاندا، وەك دامەزراندنی پارت و ڕێكخراوو بڵاوكردنەوەی چەندین گۆڤارو ڕۆژنامە"(١٧). بەپێی ڕووداوەكانی جەنگی دووەم و ڕاپەڕینە گەورەكەی ساڵی(١٩٤٨ز) لە عێراقدا ئەمانە كاریگەری زۆریان لەسەر شاعیران هەبووەو ڕووبەڕوی واقیعێكی

تازەی کردوونەتەوە. ئەم ڕاپەڕینە دواتر هەندێك ئەنجامی باشی بۆ کورد لێکەوتەوە وەك دەرکردنی یەکەم گۆڤار بەزمانی کوردی بەناوی(نزار)ەوە لە کوردستانی عێراقدا ساڵی (١٩٤٨)، کە(عەلادین سەجادی) سەرنووسەری بوو، دواتر کۆمەڵێك، ڕۆژنامەو گۆڤار دەرچوون کە بوونە کەناڵێکی گەورەی بلاوکردنەوەی ئەدەبیاتی ڕیالیزمی، ڕۆژنامەکانی (ژیان و ژین) و گۆڤارەکانی(هیواو گەلاوێژو ڕزگاری)، گرنگی ئەم بلاوکردنەوانە لەڕێبازی ڕیالیزم دا، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەروەك د.محەمەد دلێر پێی وایە"سەرهەڵدان و گەشە کردنی ڕێبازی ڕیالیزم و ئەدەبی هاوچەرخ دەگەڕێتەوە بۆ بلاوبوونەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە"(١٨).

<u>سێ یەم: ڕەنگدانەوەی ڕیالیزم لە هۆنراوەکانی ئەحمەد هەردی دا:</u>

لە سەرەتادا بۆ باس کردن و هەر ووتەیەك دەربارەی ڕەنگدانەوەی ڕیالیزم لە هۆنراوەکانی هەردی وا بە باشمان زانی لەسەر مشتێك لە خەرمانی ژیانی شاعیری بەناوبانگی گەلەکەمان بدوێن.

ئەحمەد هەردی ناوی ڕاستەقینەی"ئەحمەدی کوڕی حەسەن بەگی کوڕی عەزیز بەگە، لە١٩٢٢ز لە سلێمانی هاتۆتە دنیاوە"(١٩). شاعیرمان"خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی تەواوکردووە و پاشان لە پەیمانگای مامۆستایان و بڕوانامەی زانستی وەرگرتووەوەو ئەوسا لە ناوچەی هەوراماندا بووەتە مامۆستاو چەند ساڵێك وانەی داوەتە منداڵان"(٢٠). هەروەها"لە١٩٤٨ی ز دا لە سەر سیاسەت و جم و جۆڵی حیزبایەتی و بزوتنەوەی نشتیمانی لە سەر کارەکەی لابراوە و لە١٩٥٢زدا گەڕاوەتەوە سەرکارەکەی، شاعیر هەر لە تەمەنی منداڵییەوە زۆر حەزی لە شیعرکردووەو"لە سەردەمی خوێندنی سەرەتاییدا شیعری زۆر لە شاعیرە ناودارەکانی کوردی وەك(نالی و حەمدی ...هتد) لە بەربووەو، کە گەورەش بووە پەیوەندی ئەدەبی لەگەڵ زۆر لە شاعیرە هاوچەرخەکانی وەك (بێ کەس و زێوەر و پیرەمێرد و گۆران و ڕەمزی و مەلا مارف و هێمن دا ...هتد هەبووە"(٢١). هەردی"ڕووی کردووەتە خوێندنەوەی ئەدەبی عەرەبی بە تایبەتی بەرهەمەکانی(میخائیل نعیمه، ئەبو قاسم شابی، علی محمود طه، جبران خلیل جبران)"(٢٢). لە١٩٥٧زدا"کۆمەڵێك شیعری بەناوی (ڕازی تەنیای)یەوە چاپ کراوە، هەروەها لە"١٩٧٣ز-١٩٧٤زدا لە کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی سلێمانی مامۆستای ئەدەبی بووەو لەو بارەیەوە گەلێ موحازەرەی وتووەتەوە"(٢٣). هەروەها هەردی"ئەندامێکی یەکێتی نووسەرانی کوردبوو، ماوەیەکیش بووە سەرۆکی لقی ئەو یەکێتییە لە سلێمانی"(٢٤). مامۆستاو شاعیری بەناوبانگی کورد گۆران دەربارەی هەردی شاعیر دەبێژێ"هەردی قوتابخانەیەکی تایبەتییە لە شیعری کوردیدا و شوێن دەستی لە هەڵبەستە کانیدا دیارە"(٢٥). د.ئیحسان فوئاد دەربارەی لێهاتوویی شاعیرمان دەڵێت:"ئەحمەد هەردی کە لە هۆنراوەی ڕۆمانتیکی دا، وە لە سۆزو ڕەوانی شیعرەکانی دا شوێنێکی زۆر تایبەتیی هەیە، بەڵکو دەتوانین بڵێن کە بەناوبانگترین شاعیرانی پاش سەردەمی پیرەمێردو گۆرانە"(٢٦). ئیتر هەردی شاعیری خۆشەویست بۆ یەکجارەکی لە ڕێکەوتی٢٩/١٠/٢٠٠٦ز دا ماڵئاوایی لە ئەدەبی کوردی کردو خوای مەزن ئەمانەتەکەی لێی سەندەوە. هەروەك لە پێشووتر ئاماژەمان بۆی کرد کە هەردی لە سەرەتاوە بە چەند شیعرێکی ڕۆمانسی دەستیپێکرد، پاشان لە ئەنجامی شەڕی دووەمی جیهانی و چەند هۆکارێکی تر ڕووی کردە شیعری ریالیزمی. ئەحمەد هەردی لە پێشەکی چاپی دووەمی ڕازی تەنیایی دەڵێت"لە سەرەتادا شیعری سۆزی پڕ سۆزی ڕۆمانسی و بە دوایدا شان بە شانی ئەو ، بابەتی ریالیزمی لە شیعرەکانم دا دیارن"(٢٧). واتە هەردی لە سەرەتادا بە"شیعری ڕۆمانتیکی دەستی پێکردووە لە ئەنجامی شەڕی دووەمی جیهانی بە هۆی بلاوبوونەوەی بیروباوڕی دیموکراتی ودەست نیشان کردنی ماف نەتەوە چەوساوەکان ودروست بوونی ژیانی ئاشکرای حیزبایەتی و ڕۆژنامەگەری قۆناغی یەکەمی شیعری ڕیالیزمی شۆڕشگێرانەی هەردی دەستی پێکردووە"(٢٨). سەرەتایی دەست بەکار بوونی هەردی لە خەباتە تێکۆشان و نووسینی شیعری ئازادی و ڕیالیزمی دەگەڕێتەوە

بۆ"قۆناغی یەكەمی شیعری ڕیالیزمی شۆڕشگێرانەی هەردی هاتە كایەوەو لەگەڵ ئەوەشدا كە زۆر كەم بوون، بەڵام هەتا بڵێی گەرم و بەسۆز و پتەو بوون و بۆ سەردەمێكی باش سروودی نەكوژاوەی سەردەمی لاوانی پێشكەوتنخواز و ئازادی و پەروەری ناوچەی سلێمانی بوون و گەرم كەری كۆڕ و كۆبوونەوەی سیاسی و كۆمەلایەتی تەمەنێكی دیاری كراوی ئەو دەمەی بزووتنەوەی نیشتمانی بوون"(٢٩). هۆنراوە ڕیالیزمیەكانی لای شاعیر، ئەبنە چەند لایەنێكەوە وەك لایەنی نیشتمان پەروەری و سیاسی و لایەنی كۆمەڵایەتی و دڵداری و ئەڤینی لێرەدا بە جیا باس لە هەر یەكێكیان دەكەین.

**أ- لایەنی نیشتمان پەروەری و ڕامیاری:** هۆنراوەی نشتیمانی بریتییە لە وەی"كە خۆشەویستی ئەو نیشتمانەو هەست كردن بەو پەیوەندییە دەروونییە بگەیەنێت كە هاووڵاتی پێوە دەبەستێت، بە جۆرێك ئەو خۆشەویستییە دەگاتە پلەو پایەكی بەرزو پیرۆز و هیچ خۆشەویستی یەكی تر نایگاتیٚ و لە پێناویدا گیانی خۆی بە قوربانی پێشكەش بكات"(٣٠). مێژووی سەرهەڵدانی هۆنراوەی نشتیمانپەروەری دەگەڕێتەوە بۆ پێش بزووتنەوەی سیاسی گەلی كوردمان، ئەمیش بەهۆی ئەوەی كە كورد هەر لەوكاتەی كە هەستی كردووە كە چەوسێنراوەتەوەو خاكەكەی پارچە پارچە كراوە و حكومەتێكی سەربەخۆی نەبووە، وەهەر ڕۆژیٚ كوردستان و خاكەكەی لە ژێر چەپۆكی دەسەڵاتی یەكیٚ لەو دەسەڵاتانە بووە چ ئیمپراتۆرەكانی سەفەوی و چ عوسمانی بیٚ.. هەر بۆیەشە شاعیرانمان لە هۆنراوەكانیان دا زیاتر بەم لایەنەوە پەیوەست كردووە، بەتایبەتی (ئەحمەدی خانی) كە بناغەو دەستپێكی هۆنراوە نیشتمانی و نەتەوەی یەكان لە ئەوەوە گوزەرە ئەكەن، بەتایبەتی لە داستانی (مەم و زین )دا، تا سەر ئێسقانی لایەنی نشتیمانی و نەتەوەیی لە هۆنراوەكانی ئەم داستانە بە دەرئەكەون، هەر بۆیە ئەحمەدی خانی بەیەكەمین شاعیری نشتیمانی دادەنرێت"بە یەكەمین شاعیری ڕابەری نەتەوەیی، یان داواكاری كوردی دادەنرێت كە داوای ئازادی وڵاتەی بكات"(٣١). بە پێی ئەو بیروباوڕە سۆشیالیستەی شاعیر باوەڕی پیٚ بوو، لە بەرانبەر شۆرش و ڕاپەڕینەكانی گەلانی عێراق دژ بە سیاسەتی ئینگلیز لە عێراقدا و كێشەی نەتەوایەتی گەلی كورد (ئەحمەد هەردی) چەندین شیعری بەهێزی نووسیوە كە هەر یەكێكیان وەكو سرودێكی بەرەنگاری لە بۆنەو موناسەباتەكاندا بەردەوام دەوترایەوەو بوبە سرودێكی میللی ئەویش وەك سرودی (ئازادی خوای كوردین ئێمە)یە، لێرەدا كاكەی فەللاح دەربارەی ئەم سروودە لە كتێبی (كاروانی شیعری نویٚ كوردی) دەبێژێت:"بەلای منەوە ناوبانگی شاعیرانەی هەردی زۆرتر، ئەگەر نەڵێم هەمووی، قەرزاری شیعرو سروودی ئەو سەردەمەیەتی. بەتایبەتی سروودی (ئازادی خوای كوردین ئێمە)"(٣٢).

ئەم سرودە تەواو دەنگی دایەوە ئاگری بڵێسە داری بزووتنەوەی ڕۆژ بەڕۆژ خۆشتر دەكرد، كە تێیدا دەڵێت:

( ئازادی خوای كوردین ئێمە شووڕای پۆڵاو بەردین ئێمە )
( پشتی جوتیاری زەبوونین ئاڵای بەرزی چون یەك بونین )
( شیری دەستی لیٚ قەوماوین لە ڕووی زوڵما هەڵكێشراوین)
( ئاغاو بەگزادانی زۆردار جەردەی گیانی گەلی هەژار)
( خوێن خۆری ئەم نیشتمانەن ئاڵەتی دەستی بێگانەن )
( ڕۆژی خۆی گیانیان دەردێنین تۆڵەی گەلیان لیٚ ئەستێنین )
( ئازادی خوای كوردین ئێمە شووڕای پۆڵاو بەردین ئێمە )

شاعیر لێرەدا باسی مەسەلەی نەتەوەیی و خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی كوردی كردووە، كە میللەتێكی چەوساوەیە لەژێر باری ستەمداربووەو مافەكانی خوراداروەو، داوای ئازادی دەكات بۆ میللەتەكەی بۆ ڕزگاربوونی لەوستەم و زۆرداریە، لەلایەكی تر بۆ ئەم سروودە، د.مارف دەڵێت:"لەم شیعرەدا هەردی جەنگاوەرێكی تووڕەیە،

هەرشە لە دوژمن دەکا، چوونە مەیدانی لەم لایەنەوە لە پلەی دردەوە نابەجێ و نامرۆڤایەتی دوژمن بەرامبەر بەبێ دەسەڵات و هەژاران زیاترە. بێ نەوایان دڵنیا دەکا لە دوارۆژدا دوژمنان لەناودەچن و تۆڵەی زۆربەی میللەتان لێ دەکرێتەوە"(٣٣). شاعیر هوشیارانە دەست نیشانی دوژمنەکانی گەل دەکات کە کۆنەپەرست و دەرەبەگ و ئیمپریالیزمن و ئامانجی رامیارییانیش لەناوبردنی ئەو دوژمنە خوێن خۆرانەیە ئەویش تەنها لە رێگای شۆرشێکی نیشتمانیەوە دێتە دی. هەردی شاعیر لە سروودێکی تری دا کە ئەویش سروودی(ئاگری عورفی)یە، تێدا ئازایەتی و مەردایەتی گەلی کورد دەگەیێنێتە ترۆپکی شۆرشی نەتەوایەتی لە نێو نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دا، کاتێ هەردی لە بارەی خۆراگری تێکۆشەرانی میللەتەکەی هەستی خۆی دەردەبرێ و تیایدا دەڵێت:-

( ئاگری سووری ئیرهابی عورفی شالاو ئەهێنێ مەکەی بۆنیە )
(گرانی ی وەها پێی لێ هەڵبرێ لە گەلێ مالا نانی جۆ نیە)
( هەرکەسێ شەکوای حاڵی دەربرێ یاشیوعیە یا سەهیۆنیە )
(حارسی تەختی لەندەنی رزیو چاك بزانە گەل نابرێتەوە)
( خوێنی چەن هەزار لاوی خێر نەدیوە نەقشی مێژوەو ناکوژێتەوە )
( ئەوگەلەی لەخەو راستی بۆتەوە نابەزێ لە رێی ئەم ژیانەدا )
( قاچی رۆڵەکەی گەر بەکۆتەوە هەڵوەرێ لەناو بەندیخانەدا )

ئەم هۆنراوەیەیی ئەحمەد هەردی تایبەت بووە بەگێرانەوەی رووداوەکانی کانوونی دووەمی(١٩٤٨)، کە"میللەت لەو پەڕی تاڵی و ناخۆشیدا ژیانیان بەسەربردووە لەکاتێکدا دادگا ناپەسەندەکانی عورفی بەهەزاران لاوی دەگرت و لە بەندیخانە توندی دەکردن گەلێ کەس لەم پێناوەدا تووشی دەربەدەری و چەرمەسەرێکی زۆر بووە بەشێکیش بە زیندوویی لە بەندیخانە نەهاتۆتە دەرێ یەکێك لەو هەڵبەستانەی کە شاعیر تیادا تووڕەیی وقینی میللەت دەردەبرێت بەرامبەر بەهێرشی کۆنە پەرستی شاهانەی عێراقی ئەو سەردەمە هەڵبەستی(ئاگری عورفی)یە"(٣٤).

جگە لەم دوو سروودە، هەردی هەر لەو سەردەمانەدا کۆمەڵێك شیعری سیاسی بەبۆنەی چەند رووداوێکی سیاسیەوە داناوە یەکێك لەو شیعرە سیاسیانەی کە بە بۆنەی لە سێدارەدانی ئەفسەرە کوردەکانەوە لە(١٩٤٧) دایناوە، کە چوار ئەفسەری کورد پەروەربوون ئەوانیش ئەمانە بوون(عیزەت عەبدولعزیز و مستەفا خۆشناو و خەیرولَلا کەریم و محەمەد قودسی) بوون کە تەرمی دووانیان لە بەغداوە گەراوە بۆ سلیمانی کەتیایدا دەڵێت :

( کورانی رۆژی مەیدانی شەرو ئاشوب وئاژاوە براکانم ! کرێکاری هەموو ئەم لانە رووخاوە )
( هەموو دایکێ کەتاقانەی لەسەر سێدارە خنکاوە بەکورتی میللەتی برسی پەتای بۆ ئێوە هێناوە )
( دەسا توو حەققی ئەم خاکەی کەخاکی ئەشك وخوێناوە هەتا خوا هێزی پێ داون، هەتادنیا خرۆشاوە )

"شاعیر باوەری بەهێزە لەناو کۆمەڵدا هیچ هێزێك نییە جگە لە چینی کرێکار شایانی ئەوە بێ ئەمپریالیستی ئینگلیزی لە ناوببا. ئەوەی ئاشکرایە تا کوودتا سوپاییەکەی ١٩٥٨ی بەغدا راستەوخۆ و ناراستەوخۆ ئینگلیز فەرمانرەوا بوون لە عیراق، لەو سەردەمەدا ئەوان و کاربەستانی دەوڵەتی عیراق گەورەترین دوژمنی بیروباوری کۆمۆنیزم بوون"(٣٥).

هەروەها شاعیر لەبۆنەیەکی تردا دەڵێت :

( بەیادی ئەو شەهیدانەی کەوا بێ نازو بێ گیانن لەژێر پۆستاڵی پۆلیسا هەموو پێ خوستی کۆڵانن )
( بەیادی ئەو هەتیوانەی کەبرسی و رووت وعوریانن بەیادی ئەو پلێنگانەی کەدیلی کۆتی زیندانن )
( وەرن ئەی میللەتی برسی ئیتر واروژی مەیدانە بچینە سەرتەلار و کۆشکی ئەو میللەت فرۆشانە )

شاعیر ئەم شیعرەی بەبۆنەی شەهیدبوونی لاوانی ئەوسەردەمە کە لە ژێر پۆستاڵی پۆلیسا شەهید بوونەوە بە بۆنەی ئەو هەتیو و هەژارانەی کە بە بێبەرگ و خۆراکیان ئەم شیعرەی داناوە بۆیە شاعیر لێرەدا روو دەکاتە

میللەتەکەی و داوایان لیٚ دەکات کە چیتر بیٚ دەنگ نەبن لەبەرامبەر ئەو میللەت فرۆشانە وراپەڕن و بچنە سەر تەلارو کۆشکی ئەو میللەت فرۆشانە کەوا خوێنی ئێمەیان بەپارەو موڵك و زێری بێگانە بەخشی.

ماموستا هەردی خۆشەویست شیعری نیشتمانی تەنها بۆ رووداوە رامیاریێکان تەرخان نەکردوو بەڵکو بۆ ئانگە نەتەوایەتێکان و خۆشییەکانی لێی هاتووی خۆی دەردەخات، وەك لە بۆنەی ئاهەنگ گێرانی نەورۆز بۆیە وەك لەم شیعری کە بۆ ئاهەنگی نەورۆز دەدوێت:

( لە رابوردوویەکی دوورا ستەمکارێکی بەدکردار ) ( گەلی کوردی لە ناسۆرا سزادابوو بەزەبری دار )

( بە چەشنی گەردەلوولی رای ئەپێچا گیانی لاوانی )( بەرەو قورگی چڵێسی ئەژدەهاکی پیسی سەرشانی )

( گەلیٚ ماڵی بە قوڕ گرت و گەلێی کردە وێرانە )( لەلای وابوو کە پیشەی خالییە ئەم خاکی شێرانە )

( بەلیٚ ئەو نەیدەزانی بێشەیەك ئاوا چڕو پڕبیٚ )( لە شێر خالی نییە کاتیٚ کەزاڵم کاسەکەی پڕ بیٚ )

مامۆستا سدیف بۆرەکەیی کاتی دەربارەی نەورۆزو هەردی دەبێژێت زۆر بە جوانی بۆمان رووندەکاتەوە"نەورۆز چەژنێکی نەتەوایەتیی کوردەو پەیوەندی بە گەلی کوردەوە هەیە، ئەو نەورۆزەی کە گەل بەیەکگرتووەو لە بەرابەری ستەمی ئەژدیهاکا راپەڕیوە، ئەو ئەژدیهاکەی کە لاوانی کوردی دەکوشت تا خۆی و دەست و پێوەندەکانی زیندوو بمێنن و گەل لە ناوچیٚ، کەچی نەیدەزانی لاوە نەبەزەکانی کورد سەرئەنجام یەك دەگرن و رادەپەڕن و کۆشکی زۆردار و ستەم کار وێران دەکەن و مافی خۆیان لێی دەسێننەوە، ئەم مەبەستە ئەگەرچی ئەفسانەیە، بەڵام هەر ئەفسانەیەك لەسەر راستەقینە دانراوە، بۆیە هەردەبێش لە م پارچە هەڵبەستەدا ئەوەمان بۆ رادەگەیەنیٚ"(٣٦).

<u>ب–لایەنی کۆمەلایەتی:</u> گەلی کورد وەکو یەکیٚ لەو گەلانی سەر رووی زەمین، بە درێژایی مێژوو رووبەرووی کۆمەڵیٚ کێشەی کۆمەلأیەتی بۆتەوە، جا ئەم کێشانە بەهۆی دواکەوتوویی و نەزانینی کۆمەڵگاکەی بوویێت یاخود بەهۆی دەسەلأتە شۆفیزمەکانی دژ بە گەلی کورد بوویێت. (نەخوێندەواری) وەکو یەکیٚ لەو دەردە کۆمەلأیەتیانەیە کە گەلەکەمان ئەینالأند، چونکە لەلایەکیەوە نەیان دەهێشت بچنە بەر قوتابخانەو لەلایەکی تریشەوە بەوە تاوانبار ئەکران کە فێرە کرداری شەیتانی و خراپەکاری ئەبن. دیارە ئەمە سەردەمانێکی زۆری خایاند، تا بە هۆیەوە بچنە بەر خوێندن. پاشان ئەمجارەیان نەیان ئەهێشت کچان بخوێنن، ئەم دەردانەی نێو کۆمەڵگا کار ئەکەنە سەرتاکی شاعیر، چونکە ئەو وەکو کەسێکی رۆشنبیری ئەم گەلەیەو، شاعیر لەم حاڵەتانەدا دەستەوەستان ناوەستێت، بەلکو لە رێگەی هۆنراوەکانیەوە، کە تاکە چەکی بەرگری کردنیەتی و بەمەوە بەر پەرچی ئەم کارانە دەبێتەوەو، سنوری بۆ دائەنێت. ئەمەش جۆرێکی تری ریالیزمە کە باسی دیاردە کۆمەلایەتییەکان دەکات"زاراوەی ریالیزمی کۆمەلایەتی دوو واتای هەیە: بەواتا تەسکەکەی ئامازەیەك بوو بۆ هونەری نیگارکێشان کە بابەتەکانی گرفتە کۆمەلایەتیەکان لە خۆ دەگرێت، بەلام بە واتا بەر فراوانەکەی رەهەندێکە بە بەرجەستەکردنی سیما ناو خۆیەکانی شوێن بەستراوەتەوە"(٣٧).

هەردی کێشە کۆمەڵایەتی یەکان بەتایبەتی جیاوازی چینایەتی خستۆتەروو. ئەحمەد هەردی لە زۆربەی شیعرەکانی "کاتی رابردوو بە کاتێکی نائومێدی و بیٚ هودە دەزانیٚ و لێی پەشیمانە، لە شیعرەکانی تەواو هەست بەوە دەکرێت، کە باری دەروونی کاریگەریی زۆرە لەسەر ناوەڕۆکی شیعرەکانی، چونکە نائومێدی نیشانەی دەروونە پڕ ئاگرەکەی شاعیرە"(٣٨). بۆیە لە شیعری(دڵێکی تێکشکاو)دا، هەردی باسی ئەم ناخۆشییەی ژیانی دەکاو برینەکانی خۆی دەکولێنێتەوەو دەلێت:ـ

( بەسەرسامی لەسەر لوتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم شریتی عومری رابردوم وەکو خەو دێتە بەرچاوم )

( شریتی چی؟ سەرپا سەر گوزەشتەی نائومێدیمە فیلمی پڕ لەناسۆری هەرسهێنانی لاویمە )

( تروسکەی تیا بەدی ناکەم، سەرنجم چەندە لێداوە لە تاپۆی نامرادیم و تەمی ناسۆریی بەولاوە )

( ئەوی ئەوساکە ڕووناکی ئەدا بەم ژینە شێواوە      دڵێکی پڕ لە ئاهەنگ بوو، کە ئێستا پاکی ڕووخاوە )

ئەم هۆنراوەیە تا سەر ئیسقان بێ هیواو نائومێدی خاوەنی شیعرەکە پیشاندەدات،هیچ ئاواتێك بەدی ناکرێت لەنێو دێرەکانی"ئەم نائومێدی یەی شاعیر بە شێوەیەکی ڕەشبینی دەربڕیوە، هیواو ئاواتەکانی بەرەو نەمان چووە عومری ڕابردووی پڕ لائازارو ناخۆشی بەفیرۆ چووە، دەتوانین ئەم نائومێدی یەی بگەڕێنینەوە سەر دوو هۆ: یەکێکیان کە لە دڵ و دەروونێکی شاعیر خۆیەوە هەڵ دەقوڵێت وە لە ئادەمیزادێکی دەربەدەرو لە کۆمەڵێکی پەست ونەخۆشدا. دووەم: لەبارێکی کۆمەڵایەتی تایبەتی یەوە، کەڕێ ی ڕزگاربوونی نەتەوەکەی تێیدا ونە"(٣٩). دکتور دڵشاد لەسەر ئەم شیعرە زۆر بە جوانی دەدوێت "سەرنجدانێکی ووردی ئەو کۆپلەیە، بەتایبەتی سێ دێری یەکەمی ئەوە دەردەخەن کە شاعیر لە هەرەتی گەنجێتی دا، کە کاتی ئێستای هەڵبەستە کەو تاقی کردنەوەکەیەتی و لە ژیانێکی ناهەمواردایە، هەروەك ووشەی (سەرسام) هێمای بۆ دەکات، بەرەودوا ئاوەڕ لە ڕابردووی دەداتەوە. لەو ژیانە ڕابردووشدا لە نائومێدی و ناسۆری بەولاوە هیچی تر بەدی ناکات"(٤٠). ئەحمەد هەردی هیچ خۆشییەك لەتەنیایی نابینێ خۆشی لەو ڕۆژانە ئەبینێ کە سرودی بۆ گەل ئەوت"(٤١).   ئەم هۆنراوەیە بریتی یە لە شێوەیەکی ریالیزمی پڕ لەنائومێدی و ڕەشبینی لەژیانی ڕابوردووی شاعیردا بەڵام ئەم نائومێدییەی شاعیر لەبارێکی کۆمەڵایەتی فراوانترەوە هەڵدەقوڵێت، کەدەسەڵات لەدەسەڵاتی شاعیر بەهێزترە بۆیە شاعیر بەبێ دەسەڵاتانە بەرامبەری وەستاوە. جا ئەگەر هات و باری کۆمەڵایەتی یارمەتی شاعیریداو، بووە لایەنگیری ئەو کاتە بەرهەمی ئەو شاعیرە بەرگێکی گەرمی شۆڕشگێرانە دەگرێتە خۆی بەڵام ئەگەر دژی ئاوات و خواستەکانی شاعیر بوەستێت ئەوکاتە شاعیرتووشی ڕەشبینی ونائومێدی دەبێت لە ژیاندا وەهۆنراوەکانی پڕ دەبێت لە قوڵپی گریان و تووشی ماتەمی وپەژارە دەبێت.

هەروەها(هەردی) لە هۆنراوەی﴿چاوەڕوانی بێ هودە﴾دەڵێت:

( ئەگەر چی وەك خەیاڵی من عەبا دەوری لەشی داوە   ( لە ئەندام و لەش و لاری بڵند و ریکـــی ئاڵاوە )

( بەڵام کاتێ کە با چمکی عەباکەی لائەدا، تاوێ   ( ئەرێژێ پووزی نایابی، لە سیحری خوایی، لافاوێ )

دوور نییە شاعیر ئەم عەبایەی بە نیشانەی یەکێك لە دواکەوتووەکانی کۆمەڵی ئەو سەردەمەی کوردەواری دابنێت هەروەها بە نیشانەی دیلێتی و بەشخورا و ئافرەتی کورد بداتە قەڵەم"(٤٢).   لێرە دوو وێنە بەدی دەکرێت.

یەکەم وێنە:داپۆشینی خۆشەویستەکەیەتی بەهۆی ئەو عەبایەوە کە دەڵێی نوقمی شەوەزەنگی کراوە کە جوانی لەش ولاری لە ناو عەباکەیە، وێنەی دووەمیش: شاعیر خۆیەتی بە هۆی ئازار و ناخۆشی ژیانی خەبات و خۆشەویستی دا تووشی بووە، بەختی وەك عەبارەش هەڵگەڕاوە ئەمەش ئەو پەڕی نائومیدی وبێ پەروایی شاعیرە لە ژیاندا. هەر دەربارەی ئەم شیعرە "گەر سەیرێکی ئەم دوو دێرە هۆنراوەی سەرەوە بکەین، ئەوا دەبینین هەردی لەم دوو دێرە شیعرەدا دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێت کە ئەو عەبایەی کە لەسەری ئەو شۆخەیە، ڕەشێتی و نائومێدی و ناخۆشی پێوەیە.... هەمدیسان خەیاڵی جوانی خۆی بە عابای ئەو شۆخە جوانە لێکواندووە، کە ئەمەش دوو وێنەی لێچوی زۆر نزیکن لە ئازارو ناخۆشی، بەڵام هۆی دروست بوونیان جیاوازە، چونکە خەیاڵی شاعیر ئازاریٰ بۆچی وارەشە(٤٣).

هەروەها ئەحمەد هەردی لە هۆنراوەی(دووچەشن دڵداری)دا دەڵێت:

( باخەوان بۆ ئەو مەبەستە گوڵ ئەلاوێنێتەوە      بۆ ئەوەی گەورەی بکا و بۆ پارە بیگۆڕێتەوە )

( بیفرۆشێ بەو کەسەی خەڵقی ئەرِوتێنێتەوە      بۆ ئەوەی مێزی شەرابی پێبڕازێنێتەوە )

( کچ لەلای ئێمەش گوڵێکە، بۆیە پەروەردەی ئەکەین      تا برازێنێتەوە مێزی شەرابی دەوڵەمەن )(٤٤)

لێرەدا ئەحمەد هەردی باسی لە" کۆمەڵگاکەی دەکات کە وەکو شتومەك سەیری کچ ئەکرێت  هەروەها شاعیر باوکی چواندوە بە باخەوان و کچیش بە گوڵ شاعیر باسی واقیعی مەوزوعی ئەو سەردەمەی کومەڵی کوردەواری دەکات کە ئەویش باری ئابوری ئەو سەردەمەی کوردستانە کە زۆربەی کۆمەڵ لە چینی جوتیار پێکهاتبوو"(٤٥).

لەم چەند دێڕە شیعرەی سەرەوە دووبارەکردنەوەیە بۆ ئازارو ناهەمواری شاعیر دەربارەی چیرۆکێکی دڵداری سەرنەکەوتوو"لە پاڵ ئەم گێرانەوە جوان پەرستی و خۆشەویستی یەدا شاعیر شۆڕبووەتەوە بەناو ژان و ئازارەکانی کۆمەڵدا، کە لە سایەی ئەم کۆمەڵە دواکەوتووەی ئەوسەردەمەوە چەندەها کۆسپ و تەکەرەی گەورە گەورە هاتووە رێگای ئەم و سەدەهای دیکەی وەك ئەم دڵبریندارى خۆشەویستی بووە، ئەمیش بەهۆی چینی بورجوازی خاوەن کۆشك و سامانەکانەوە کە بە زەبری پارەو پوڵ سەدەها خۆشەویست فریو لای خۆیان دەدەن"(٤٦).

بۆیە لە بەر هەژاری و دەستکورتی هەندێ جار ناچار بووە کچەکەی بداتە پیاوێکی دەوڵەمەند لە پێناوی چەند پولێکدا وەك دەستەیەك گوڵ بیفرۆشێتە خاوەن کۆشك و تەلارەکان ئەوانیش وەکو شتێکی بێگیان و هەست بۆ جارێك بۆن کردن و شکاندنی غەریزەی جنسیان ئەم گوڵە خونچە جوانە پێ شیل بکەن وە یاخود وەك.  بێ بۆن تەنها ببێتە هۆی ڕازاندنەوەی سەرمێزی شەڕابەکەیان بێ ئەوەی تۆزێك هەست بە لایەنی مرۆڤایەتی و پەیوەندییەکی دڵداری بکەن لە نێوان خۆیان و ئەم گوڵە جوانە مەرگەدا.  ئەحمەد هەردی"لە شیعری (تەپڵی بەتاڵ)دا، کە لەسەر زاری کابرایەکی ڕووخاو هۆنیوەتەوە، کە لەواقیعی خۆی دوورکەوتۆتەوەو هەموو بیرو بۆچوونەکانی بەرەو جیهانێکی فانتازی شۆڕبوونەتەوە"(٤٧).

( وەمزانی: کە ناموس و حەیا نرخی کوڕانە ) ( ڕاستگۆیی و وڵات پەروەری، ئەنجامی ژیانە )

( نەمزانی براکەم، هەموو ئەم ناوە زلانە ) ( وەك تەپڵی بەتاڵ، گەرچی زل و گەورەیە، دەنگیان )

کاکە فەللاح بۆ ئەم دوو دێڕە وابۆی دەچێت"کەواتە بە پێ ودانی بڕوای ئەم شیعرە، نامووس و حەیاو ڕاستگۆیی و وڵات پەروەری، سووکن، ناوێکی زلن، وەك تەپلی بە تاڵ دەنگ گەورەو بەناو بۆشن"(٤٨).  شاعیر لێرەدا ئاماژە بۆ حەیاو نامووس دەکات کە مەبەستی لێرەدا ترۆپکی بەنرخی کوڕانە، گەر ڕاستگۆ بن لە خزمەتی ووڵات، بێ گومان لە ژیان دا ئەگەنە هەموو ئەنجامەکانی ژیان، گەر نا ئەوە هەموو لە دەست دەدەن، بەڵام شاعیر بە خەم وپژارەیەکەوە دەڵێت: ئەم هەموو ناوو قەد و باڵا زلانە هیچ نین، تەنها وەکو تەپڵی بە تاڵن، لێرەدا دەتوانین بەڵێن، شاعیر تێلنیشانێکی کردووە بۆ ئەو پەندەی کە دەڵێت(دەنگی دەهۆڵ لەدوورەوە خۆشە). هەردی لە شیعرەکانی دا بۆمان دەردەکەوێت کە تا چ ڕادەیەك  وێستویەتی لە واقیعی کێشەی سەردەمەکەی  خۆی بدوێت ودیمەنێکی ڕاستگۆیانەی کێش و ئازارە کۆمەڵایەتیەکان و چینایەتییەکانی بیهێنێتە بەر چاو، لێرەدا وەك لەم دێڕەی تری هەمان شیعر کە دەردەکەوێت:{ئەی دیدە پەری! بەو دەمە، بەو کولمە گوڵینە} {بۆ کەس نی یە تاسەر، ئەوەرێ ئەم گوڵی ژینە}

"شیعری( تەپڵی بەتاڵ )، وێنەیەکی بەهێزی ئەم بەرهەمانەیە کە شاعیر باس لە کەسێتی مرۆڤێك دەکات لە نێو کۆمەڵگاکەیان، کە دەبێژێ: بە هۆی پیشاندانی کەسیەتی ئەم مرۆڤە شاعیر دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێ، کە لە جیهانی ئەمرۆدا ڕێگای چاکە بەرەو هەڵدێرت دەبات و خراپەش بە چەکە تایبەتیەکەی، شاعیر ڕووخانی کەسەکە بەرەو سەرکەوتن ئەبیات(٤٩).

<u>ج–لایەنی دڵداری و ئەڤینی:</u> شاعیرانی کورد بە درێژایی مێژوو، هەر لە سەرەتای هۆنراوە نووسیندا دەتوانین بەڵێین بەگشتی خۆیان بەم جۆرو مەبەستەی هۆنراوەیە خەریك کردووە. بە شێوەیێ  کە لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا گەر شاعیرێك خۆشەویستی نەکرد بێ، ئەوا دەبوایە  وەك باوبوو لەو کاتەدا هەر هۆنراوەی دڵداری بنووسێت. لە هەمان کاتدا گەر بێینە سەر شاعیرانی کرمانجی خواروو ئەوا دەبینین هەر لە سەرەتادا بە هۆنراوەی دڵداری و ئەڤینی خۆیان

خەریك كردووە و بە هۆیەوە كانیاوی ئەدەبیان تەقاندۆتەوە، كەوا لەم ڕێگەیەوە بەلەش و لاری ئافرەتانیان هەڵداوەو بە گەڵ وێنەو تابلۆی سەیرو سەمەرە وەسفی خۆشەویستیان كردووە. بەجۆرێ"باغاتێكی پڕ لە مێوەی ڕەنگاو ڕەنگ و جوانی ئەوتۆ كە مرۆڤ حەز بكا لە نێوی دابنیشێ و پشووی خۆشی لێ وەربگرێ و شرینی و شادی بەلەشا بچێ.. وەكو ڕوومەت بەهەنار و.. مەمك بەسێو و بالاّ بە چنار و عەر عەر، چاو بە نێرگس، زولف و پەرچەم بەسونبول و لاولاو، بەم شێوەیە لەشی جوان و نەرمی ئافرەتیان بەم شتانە وێك چواندووە"(٥٠). واتە شاعیرانی كورد زۆر بە جوانی و لێهاتوویی ئەندامەكانی لەشی یارەكانیان چواندووە بە سروشتی دەوروبەریان، لێرەشدا توانای خۆیان سەلماند لە چۆنێتی بەكارهێنانی هونەرەكانی ڕەوانبێژی لە هۆنراوەو ئەدەبی كوردی دا، لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێ لە شاعیرانی كورد خۆشەویستەكەیان ڕاستەقینە بووە و بەرامبەر بە یارەكەیان تا ڕادەیەك سۆزی تەقیوەتەوەو جلەوی سۆزی لە دەست چووە، هەر وەكو (نالی) بەرامبەر (حەبیبە) و(مەلای جزیری) بەرامبەر بە(سەلما) و دەیان شاعیری تر. لە هەمان كاتیشدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بكەین كە خۆشەویستی وەكو شتێكی پێویستی یە بۆ مرۆڤ "خۆشەویستی مرۆڤ لە ناخی دا هەر وەك چۆن پێویستی بە خواردن و خواردنەوە هەیە، پێویستی بە خۆشەویستی هەیە"(٥١). سەفی زادە لە(مێژووی ئەدەبی كوردی) ئاماژە بۆ توانای هەردی دەكات و دەڵێت"توانای هونەریەتیی هەردی لەوانەیە كە پێویستی بەلاسایكردنەوە نییەو دەتوانێ بەهەر جۆرێ هۆنراوە بهۆنێتەوە، هۆنراوەكانی سەراسەر سروودی ئەوین و مەستییەو ئەو جگە لە ئەوین مەستی ناتوانێ خەم وپەژارەیەك كە لە دڵ و دەروونیایە لەبیری باتەوە"(٥٢). وەك لەم نموونە شیعرەیەی كە بەدەردەكەوێت:

(بەدەستی خۆت كە جامت خستە سەر لێوت غەشیمانە ) ( ئەگەر زەهریشی تێدا بێ گوناهی خۆتە بیزانە)

(چ سرێكت لە ناو دڵدا حەشار داوە بە پەنهانی ) (كە چاوت جەشنی ئاوێنە وەها بێ پەردە دركانی)

(ئەزانم دڵ هەیە وەك مس كە ژەنگ دێنێ بە ئاسانی ) ( دڵی تۆ زێڕی تیزابە لە كوێوە ژنگی هەڵهانی)

لەم دێڕەی سەرەوە زۆر بەجوانی و ئاشكرا وڕوون وەسفی دڵدارەكەی دەكات، هەروەهاوەك ئەوەی لەگەڵیدا بدوێت و دەڵێت: ئەو كردەوانی كە كردووتە گوناهی خۆتە هەڵەی كەسێكی تری تێدا نییە، جونكە هەر خۆتە زۆر بە نەزانی ئەو كارت ئەنجام داوە، پاشان شاعیر بە وەندە ناوەستێ و بەڵكو وەك ئەوە بێ لە یارەكەی بپرسێ، كام نهێنی لە ناخی دڵتا شاردۆتەوەو چاوەكانت هەر وەك ئاوێنەدایە كە ناتوانێ هیج شتێك وون بكات چونكە ئاوێنە وێنەكان دووبارە پیشاندەداتەوە، پاشان وەسفی دڵی جەنابی یار دەكات دەبێژێت ئاگادارم كە هەندی دڵ هەیە وەكو مس وایە ژەنگ هەڵدێنی بە ئاسانی، بەلاّم دڵی یار لێرە بەزێڕ ئەچوێنێ و شاعیر سەری سوورماوە چۆن دەبێت دڵێك وەك زێڕ بێت و كەچی ژەنگ هەڵبێنێ. هەردی لە هۆنراوەی (دوو چەشن دڵداری)دا كاتێك دەڵێت:

( ئەم دڵەی وەك بت پرستێ روو ئەكاتە چاوەكەت ) ( نویژ ئەكا بۆ تیشكی چاو و زوڵفە تێك ئالاّوەكەت )

( گەرچی ئەیشێلی بە زەبری قۆندەرەو پێڵاوەكەت ) ( قەت بە دڵ رەق باست ناكەم، نایزڕێنم ناوەكەت )

( چونكە ئەیزانم تەلاری یارە خوا پێداوەكەت ) (مەستی كردەووی، بۆیە نابینێ لەعاستم، چاوەكەت)(٥٣).

لێرەدا شاعیر هەموو بیرو هۆشی لای خۆشەویستەكەی بووە بەلاّم خۆشەویستەكەی بیری لەلای ئەو نەبووە، شاعیر یارەكەی لێكچواندووە بەو پێیەی ئەڵێ تۆ وەكو بتێ بوویتە و هەستت نەبووە لەسەر ڕووی ئەو هەموو خۆشەویستیەم هەبووە، بۆ تۆ بەلاّم تۆ خۆشەویستەكەت كردۆتە ژێر پێتەوەو تۆ كاتێ سەروەت و سامانت لەلا گرنگ بووە واتە تەلارت بینی ئاگات لەخۆشەویستی من نەما. هەروەها شاعیر لە هۆنراوەیەكی تردا كەبەناوی (چەپكە گوڵێك بۆ ست فاتیمە)،"موناجات لەگەڵ كیژێك دەكا تازەپێگەیشتوو وتازە دەرچووی خانەی مامۆستایانی

قوتابخانەی سەرەتایی کچانە لە بەغدا. ئەو کیژە مامۆستایە لە یەکێ لە قوتابخانەکانی کچان لە سلێمانی، هەردی خۆشی ویستووەو ئەم شیعرەی بۆ نووسیوە"(٥٤).

( گەرچی دڵداری لەخاکی ئێمەدا ئەفسانەیە ) ( هەر بەتەنها بۆ کوڕی خاوەن تەلارو عانەیە )

( گیانەکەم! ئەمما دڵی من لەو دڵە شێتانەیە ) (بێ ئەوەی هیچ شك بەرێ کوژراوی ئەو چاوانەیە )

( هەر بە تەنیا خۆشەویستی شك ئەبەم ست فاتیمە ) (سەروەتم ناوێ بزەی تۆ ئەوپەڕی ئاواتمە )

شاعیر لەم سێ دێرەی سەرەوەدا، وێنەیەکی پیشانداوە کە ئەویش شێوەی دڵداری ئەو سەردەمەی کوردەواری بووە، کە ئەویش بریتی بووە لەوەی کە کوڕی خاوەن کۆشك و سامان خۆشەویستیان وەکو شتومەك دەکڕی و سەدەها گەنجی خاوەن ئەڤینێکی پاك وبێگەردیان لێ بێبەش دەکرد بەزۆرداری خۆشەویستەکەیان لێ زەوت دەکرد، بەڵام شاعیر پاشان لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەدوێت و دەڵێت، گیانەکەم دڵی من جیاواز لە دڵی خاوەن تەلار، دڵێکی شێتانەیەو شێت و شەیدای بینینی هەردوو چاوی تۆیە، ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت لە لایەنی خۆمەوە هیچ شك ناب مکە هەم بێت لە سەروەت و سامان بەڵکو هیچ کام لە مانەشم ناوی تەنها زەردەخەنەی تۆ نەبێت ئەویش ئەوپەڕی ئاواتمە. بەهەر شێوەیەك هەوڵبدەین لێکدانەوەی بۆ هەر شیعرێکی هەردی بکەین، زیاتر و زیاتر بۆمان ڕوون دەبێت و دەگەینە ئەوەی هەردی شاعیر خۆشەویستی نەکردبێت، بەڵکو دڵدارێکی ڕاستەقینەش بووە، "ئەحمەد هەردی وەکو شاعیرێك نەیتوانیوە خۆی لە قەرەی دڵداری نەدا، بەڵام کاتێ ئەگەڕێتە مەیدانی دڵداری یەوە خۆیمان وەك دڵدارێکی بەوەفا ڕاستەقینە پیشان ئەدا لەهەمان کات دا هەندێ لایەنی تایبەتیمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە"(٥٥).

شاعیر لە شیعری ( چاوەروانی بێ هوورە )دا نموونەیەکی ڕەمزی چیرۆکی ڕاستەقینەی دڵداریمان بۆ ئەگێڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە داستانیشە چیرۆکەکە بە شیعر ووتراوە:.

{هەموو ڕۆژێ لەبەر سەیری بتی ئەو بەژن و باڵایە} {لەسەر ڕێ یانەوە سستم من هەتاکو ئاوی پێم دایە}

{بەدوو چاوی کە شەوقی چاوەڕوانی ئەی ترووکێنێ} {بەدوو چاوی کە سرێ قووڵی لاوێتی ئەدرکێنێ}

{سەرنجی ڕێ ئەدەم ڕێگا هەموو شێوەی ئەوی تیایە} {وەکو دنیا لەناو جوانی ئەوا توابێتەوە وایە}

ئەم جۆرە دڵداریەی(هەردی) قەت لە خەیاڵ و ئەفسانە ناچێ بەڵکو لەوە ئەچێ کە(هەردی) وەکو لاوێکی تازە پێگەیشتوو خولیای کچێکی نەشمیلانەی چواردە ساڵی کەوتبێتە سەرەوەو لە کۆڵانەکانی شاری سلێمانی دا سووڕابێتەوەو لە ڕێگەیشیا ڕاوەستابێ هەتاکو ئاوی پێ ی داهاتووە..}(٥٦).

وە لە شیعری (چاوەڕوانی بێ هودەدا) هەردی دەڵێت:

{ئەگەر چی وەك خەیاڵی من عەبا دەوری لەشی داوە} {لە ئەندام و لەش و لاری بڵندو ڕێکی...ئاڵاوە}

{بەڵام کاتێ کە باچمکی عەباکەی لا ئەدا تاوێ} {ئەرێژێ پووزی نایابی، لە سیحری خوایی، لافاوێ}

گەر سەیرێکی ئەم دوو دێرە هۆنراوەی سەرەوە بکەین، ئەوا دەبینین شاعیر دوو وێنەی جوانی بە یەکەوە چواندووە، لە لایەکەوە ڕەنگی ئەو عەبایەی کە یار پۆشییەوەتی، لەگەڵ بێ بەختی شاعیر کە هەرووك ڕەشن. هەروەها دەرکەوتنی پووزی یار کاتێ بەهۆی لادانی با چمکی عەبای یار، لێرەدا ئەم وێنەیەش بە دەرکەوتنی خۆر لە دەمی سپێدەدا. هەردی لەم دێرە شیعرەدا دەیەوێ ئەوەشمان پێ بڵێت" کە ئەو عەبایەی کە لەسەری ئەو شۆخەیە، ڕەشێتی و نائومێدی و ناخۆشی پێوەیە.... هەمدیسان خەیاڵی جوانی خۆی بە عابای ئەو شۆخە جوانە لێکواندووە، کە ئەمەش دوو وێنەی لێچوی زۆر نزیکن لە ئازارو ناخۆشی، بەڵام هۆی دروست بوونیان جیاوازە، چونکە خەیاڵی شاعیر ئازارێ بۆچی وارەشە."(٥٧).

## ئەنجام

له ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە دا گەیشتینە ئەم خاڵانەی خوارەوەو:-

١-ڕێبازی ریالیزم بۆ یەکەم جار لە فەرەنسا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم دا دەستی پێکردو پاشان لە وڵاتانی تری ئەورووپا سەری هەڵدا وەك روسیا وبریتانیاو ئەڵمانیا...هتد.

٢-ریالیزم لە بینینی بابەتیانە خۆی لە ڕێبازەکانی پێشوو جودا دەکاتەوە.

٣-ڕێبازی ریالیزم پێچەوانەی رۆمانتیکییەت و یاسا کۆنەکانی کلاسیکی یە، چونکە لەسەر بنەمای ڕاستەقینەی ژیان وەردەگرێت و هەروەها بەزمانێکی سادەو ساکار شیعریان دەهۆننەوەو خواستەکانی کۆمەڵگایان جێ بەجێ دەکرد.

٤- ریالیزم ئامانجی ئەوەیە کە سەرجەمی واقیع وەك وخۆی بەرهەمبێنێتەوە ئەمەش هەڵوێستێکە دژ بە ئایدیالیزمی کلاسیك و خەیاڵ پەروەری ڕۆمانتیکەکان بوو.

٥- ئەدەبیاتی ریالیزمی کوردی لە نێوان جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی سەری هەڵداوە و لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی دەستی بە گەشسەندن کرد.

٦-ئەحمەد هەردی توانیوێتی بە وشەی ڕەنگینی پڕ مانا ناخی خۆی دەربڕێت بەرامبەر واقیعی ئەو سەردەمە.

٧-ئەحمەد هەردی لە سەرەتای تەمەنی شیعرییەوە بە شیعری ڕۆمانسی دەستی پێکرد پاشان لە ئەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری وەکو دروستبوونی ژیانی ئاشکرای حیزبایەتی و ڕۆژنامەگەری و بەرزبوونەوەی شەپۆلی بزوتنەوەی نەتەوایەتی ئەحمەد هەردی بەرەو قۆناغی ریالیزم هەنگاوی نا.

٨-ئەگەر چی هۆنراوە ریالیزمیەکانی هەردی کەمن بەڵام کاریگەرییەکی زۆر گەرم و بەسۆزن و لە نێو کۆڕو کۆبوونەوە سیاسییەکان و کۆمەڵایەتکان و بزوتنەوەی نیشتیمانی ئەو سەردەمە بوو بە هەوێن پێشکەوتن.

******************************************


**پەراوێزی بەشی یەکەم:**

١-حەسەن عەلی عومەر، ڕۆمانسیەت لە هۆنراوەکانی پیرەمێردا، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی بەغدا،٢٠٠٤ز،ل٣٦.

٢-د.فائق مصطفى ود.عبدالرضا علي، في النقد الادبي الحديث منطلقات وتطبيق، ط/٢، دار كتب للطباعة والنشر، الموصل، ٢٠٠٠م، ل٥٤.

٣-ئا:رزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا، بەشی(٢)، ناوەندی ڕۆشنبیری مەهارەت، چ/١، تەهران، ئێران، ٢٠٠٦ز، ل ١٢٢٨.

٤-هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٠ز، ل١١٥.

٥-د.فەرهاد پیربال، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چ(١)، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤ز، ل٨٥.

٦-د.موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، ب/١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥ز، ل٩١.

٧-کامل حەسەن عەزیز بەصیر، ڕەخنەسازی مێژوو وپەیرەوکردن، چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٨٣ز، ل٦٧.

٨-بەختیار سەجادی ومحەمەد مەحمووەدی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، ب/١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤ز، ل٢٨.

٩-پیتەر هالبێرك ودانەرانی تر، ئا:و:ئەنوەر قادر محەمەد، تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی، چ(٣)، ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٨ز ، ل٤٧٦.

١٠-هیمداد شاهین، پێنج قوتابخانەی ئەدەبی لە دوای رۆمانسیزم، گ گزنگ، ژ(٨٦) کانوونی یەکەم، کەرکوك، ٢٠١٠ز ، ل٧٧.

١١-ڕێزان ڕەحمن خدر، ڕەنگدانەوە ریالیزمی ڕەخنەیی لە ئەدەبدا، گ ڕامان، ژ(١١٤)،٢٠٠٧ز، ل١١٤.

١٢-بوکنەر ب، تراویك، و: حەمە کەریم عارف، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان، ب/١، چ/١، دەزگای موکریان، هەولێر، ٢٠٠٨ز، ل١١٨.

١٣-ئەرستۆ، و: د.محەممەد کەمال، شیعرو پیوتیکا، چ/١، دزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠ز، ل١٨.

١٤-برهان قانع، فەرهەنگی نوێ، بەغداد، الحوادث، ١٩٨١ز ، ل٩١.

١٥- ئەحمەد سالار، ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب وهونەر، چاپخانەی دار الحریە، بەغداد، ١٩٨٨ز ، ل١٩٨.

١٦-عادل مەجید گەرمیانی، ریالیزمی لە رۆمانی کوردی هاوچەرخدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی بەغداد، ١٩٩٦ز، ل٤٢.

١٧-هێرۆ عبدالرحمن مستەفا، ریالیزم لە شیعری (ئەحمەد دڵزار)دا نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی صلاحەدین، ٢٠٠٩ز، ل٤.

١٨-کەریم شارەزا، دڵدار وشیعری ریالیزم، گ، نووسەری کوردی، ژ(١٢)، ١٩٨٣ز، ل٢٢.

١٩-کەیفی ئەحمەد عەبدولقادر، ریالیزم لە شانۆی کوردیدا(١٩٧٦-٢٠٠١)، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی کۆیە، ٢٠١١ز، ل٤.

٢٠-د.علي جواد الطاهر، الخلاصة في مذاهب الادب الغربي، دار الجاحظ للنشر، بغداد، ١٩٨٣م، ص٢٨.

٢١-د.هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٠ز، ل١١٥.

٢٢-فەهمی شوکری عەبدوللا، ڕەگەزی نوێی شیعری کوردی لای قەدری جان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٦ز، ل٢٢.

٢٣-دريني خشبه، أشهر المذاهب المسرحية، وزارة الثقافة والارشاد القومي، مطبعة النموذجية،جمهورية العربية المتحدة، ١٩٦١م، ص١٢٤.

٢٤-عەباس محەمەد قادر، ڕیالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا(١٩٤٦-١٩٧٠)، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠ز، ل١٢.

٢٥-د.موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، بەرگی(١)، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥ز. ل٩٢

٢٦-د.عادل گەرمیانی، چەند جیاوازییەکی نێوان چەشنەکانی ڕیالیزم، گ(ئاینده)، ئەدەب و هونەری هاوچەرخە، ٢٠١١ز، ل١٤.

٢٧-أحمد محمد نتوف، النقد التطبيقي عند العرب في القرنين الرابع والخامس هجريين، دار النوادر، ط(١)، ٢٠١٠م، ص٢٠٣.

٢٨-یاسین صابر صالح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، چ(١)، سلێمانی، ٢٠٠٥ز، ل٥٣٠.

٢٩- د.ڕەفیق محمد شوانی، ئەدەب و کۆمەڵە وتارێکی ئەدەبی، چ(١)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨ز، ل١٠.

٣٠-ديمين كرانت، الواقعية، تر: عبدالواحد لؤلؤة، دارالرشيد للنشر، موسوعة المصطلح النقدي، بغداد، ١٩٨٠م، ص١١.

٣١-لاسل ابركرؤمبى، تر:د.محمد عوض محمد، (قواعد النقد الادبي)، ط/٣، مطبعة لجنة التأليف والترجمة والنشر، مصر، أسكندرية، ١٩٥٤م، ص١٨.

٣٢-ڕەزا سەید حوسەینی، و. حەمە کەریم عارف، قوتابخانە ئەدەبییەکان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی(١)، ٢٠٠٦ز، ل٨٥.

٣٣-عەباس محەمەد قادر، ڕیالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا(١٩٤٦-١٩٧٠)، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠ز، ل١٤.

٣٤-هیمداد حوسێن، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، چ زانکۆی سەلاحەدین، چاپی(١)، هەولێر، ساڵی١٩٩٨ز،ل١٠٨.

٣٥-د.فەرهاد پیربال، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چ(١)، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤ز، ل١٠٠.

٣٦-ڕەزا سەید حوسەینی، و. حەمە کەریم عارف، قوتابخانە ئەدەبییەکان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی(١)، ٢٠٠٦ز، ل١٠٣.

٣٧-عبدالله الاصفر، و- ئازاد عەبدلواحید کەریم، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپخانەی ئاراپخا، چاپی (١)، کەرکوک، ٢٠٠٨ز، ل٩٢.

٣٨-عبدالله الاصفر، و- ئازاد عەبدلواحید کەریم، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپخانەی ئاراپخا، چاپی (١)، کەرکوک، ٢٠٠٨ز، ل٩٤.

٣٩-دريني خشبه، أشهرالمذاهب المسرحية، وزارة الثقافة والارشاد القومي، مطبعة النموذجية،جمهورية العربية المتحدة، ١٩٦١م، ص١٢٣.

٤٠-ئەحمەد سالار، ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب وهونەر، چاپخانەی دار الحریە، بەغداد، ١٩٨٨ز، ل١٩٦ .

٤١-هیمداد حوسێن، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، چ زانکۆی سەلاحەدین، چاپی(١)، هەولێر، ساڵی١٩٩٨ز،ل١٣٨.

٤٢-نغم عاصم عثمان، الرومانسية، بحث في المصطلح وتأريخة ومذهبة الفكرية، المركز الاسلامى للدراسات الاستراتيجيية، ط(١)، ٢٠١٧م، ص١٢٨.

٤٣-هیمداد حوسێن، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لەپێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، چ زانکۆی سەلاحەدین، چاپی(١)، هەولێر، ساڵی١٩٩٨ز، ل١٣٩.

٤٤-ئالان ڕۆب گرێ، و-لەتیف هەڵمەت، لە ڕیالیزمەوە بۆ واقیع، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە(٥)، کانوونی دووەم، ١٩٩٨ز، ل٣٨.

٤٥-بوکنەر ب، تراویك، و: حەمە کەریم عارف، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان، ب/١، چ/١، دەزگای موکریان، هەولێر، ٢٠٠٨ز، ل١٦٣.

٤٦-پ.د.سەردار ئەحمەد گەردی، ڕەخنەی ئەدەبی، چ(١)، چاپخانەی(هێڤی)، هەولێر، ٢٠١٧، ل١٣٠.

٤٧-عبدالله الاصفر، و- ئازاد عەبدلواحید کەریم، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپخانەی ئاراپخا، چاپی (١)، کەرکوک، ٢٠٠٨ز، ل٨٧.

٤٨-عبدالله الاصفر، و- ئازاد عەبدلواحید کەریم، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپخانەی ئاراپخا، چاپی (١)، کەرکوک، ٢٠٠٨ز، ل٨٧.

٤٩-الرشيد بو شعير، الواقعية وتياراتها في الاداب السردية الاوربيية، ط(١)، دار الأهلي للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ١٩٩٦م، ص٦.

٥٠-د.عادل گەرمیانی، چەند جیاوازییەکی نێوان چەشنەکانی ڕیالیزم، گ(ئاینده)، ئەدەب و هونەری هاوچەرخە، ٢٠١١ز، ل١٦.

٥١-ديمين كرانت، الواقعية، تر: عبدالواحد لؤلؤة، دارالرشيد للنشر، موسوعة المصطلح النقدي، بغداد، ١٩٨٠م، ص٢٦.

٥٢-عەباس محەمەد قادر، ڕیالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا(١٩٤٦-١٩٧٠)، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠ز، ل٢٥.

٥٣-د.محمد مندور، الادب ومذاهبة، دار نهضة، مصرللطبع والنشر، الفجالة، القاهرة، ١٩٧٤م، ص٩٤.

٥٤-سامان عوسمان، ڕیالیزم لە شیعری بێکەس دا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلیمانی، ٢٠١٠ز، ل٢٩.

٥٥-أ.د.الطيب بودربالة ود.السعيد جاباللە، الواقعية في الادب، مجلة العلوم الانسانية، جامعة محمد خيضر بسكرة، الجزائر، العدد(٧)، ٢٠٠٥م، ص٦.

٥٦-ئەحمەد سالار، ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب وهونەر، چاپخانەی دار الحریە، بەغداد، ١٩٨٨ز، ل٢٠٦.

٥٧-پیتەر هالبێرك ودانەرانی تر، ئا:و:ئەنوەر قادر محەمەد، تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی، چ(٣)، ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٨ز،ل٤٧٧.

٥٨-هیمداد حوسێن، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، چ زانکۆی سەلاحەدین، چاپی(١)، هەولێر، ١٩٩٨ز، ل١٧٢.

٥٩-فواز سديرة، الواقعية الاشتراكية في النقد الادبي الحديث، رسالة ماجستير، جامعة محمد بوضياف المسيلة، كلية الاداب، الجزائر، ٢٠١٦م، ص٣.

٦٠–عەباس محەمەد قادر، ڕیالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا(١٩٤٦–١٩٧٠)، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠ز، ل٣٩.

٦١-د.محمد غنيمى هلال، النقد الادبى الحديث، دار العودة، بيروت،١٩٧٣م، ص٣٣٠.

٦٢–د.فەرهاد پیربالْ، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چ(١)، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤ز، ل١٠٨.

٦٣–ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، ،گ، ئاینده، ژ(٧١)، ٢٠٠٧ز، ل٦٢.

٦٤–د.هاوژین صلیوە عیسا، ڕەهەندی دەروونی لە شعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، چ:یەکەم،٢٠١٣ز،ل١٦.

**پەراوێزی بەشی دووەم:**

١–د.پەرێز سابیر، رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپخانەی ئاراس، چاپی(١)، هەولێر، ٢٠٠٦ز، ل٢٧٣.

٢–هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٠ز، ل١٩٥.

٣–تەها سلێمان، کۆمەڵە وتار، چاپی یەکەم، چابخانەی ئارابخا، کەرکوك، ٢٠٠٦ز، ل٢٧.

٤– شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، ئەڵمان ئەحمەد سەلیم، زمان وئەدەبی کوردی بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، چاپی (٢)، ٢٠٠٨ز، ل١٨١.

٥–د.عزەدین مستەفارەسول هاورێیانی، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی (٦)ئامادەیی، چ(وزارەتی پەروەردە)، چاپی(٣)، هەولێر، ٢٠٠٤ز، ل١٥٧.

٦–د.محەمەددلێر ئەمین میسری، ڕۆلی گۆڤاری گەلاوێژ(١٩٣٨– ١٩٤٩)لەگەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا،چ(١)، سلێمانی،٢٠٠٤ز،ل٢٩.

٧–دیوانی پیرەمێرد، پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نویێ ژیان و بەرهەمەکانی، ئومێد ئاشنا ، بەرگی(١)، چ(١)، هەولێر،٢٠٠١ز،ل١٥٢.

٨– نەریمان خۆشناو: ئایدۆلۆژیای نشتیمان پەروەری لە ڕوئیای پیرەمێردی شاعیر، ڕ(هاوکاری)، ژ(٣٨٨٢)، ٢٠٠٢/١٢/٢٣، ل٥.

٩–کەمال رەئووف : نەورۆزی نویێ و پیرەمێرد ، گ. کاروان ، ژمارە (١٨)، ١٩٨٤، ل١١.

١٠–دیوانی بێکەس (فایەق بێکەس)، ئا:ئومێد ئاشنا، پێداچوونەوەی مەسعود مستەفا حوسێنی قادری، چ(١)، ٢٠٠٨ز، ل٥٨.

١١–شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، ئەڵمان ئەحمەد سەلیم، زمان وئەدەبی کوردی بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، چاپی (٢)، ٢٠٠٨ز، ل١٣٥.

١٢–شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، ئەڵمان ئەحمەد سەلیم، زمان وئەدەبی کوردی بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، چاپی (٢)، ٢٠٠٨ز، ل١٨٣.

١٣–عزەدین مستەفا رەسولْ، ڕیالیزمی نویێ و ئەدەبیاتی کوردی، سلێمانی ،٢٠٠٨ز، ل٨٨.

١٤–د.پەرێز سابیر، رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپخانەی ئاراس، چاپی(١)، هەولێر، ٢٠٠٦ز، ل٥٠٦.

١٥–شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، ئەڵمان ئەحمەد سەلیم، زمان وئەدەبی کوردی بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، چاپی (٢)، ٢٠٠٨ز، ل١٨٢.

١٦–عەباس محەمەد قادر، ڕیالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا(١٩٤٦–١٩٧٠)، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠ز، ل١٠٩.

١٧–د.محەمەد دلێر ئەمین میسری، ڕۆلی گۆڤاری گەلاوێژ(١٩٣٨–١٩٤٩) لەگەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، چ(١)،سلێمانی، ٢٠٠٤ز، ل١١٢.

١٨– حەمە حەمە ئەمین(کاکەی فەلاح)، کاروانی شیعری نویێ کوردی، بەرگی یەکەم، بەغداد، ١٩٧٨ز، ل١٣٧.

١٩–صدیق بۆرەکەیی(صەفی زادە)، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨ز، ل١٣٢.

٢٠–حەمە حەمە ئەمین(کاکەی فەلاح)، کاروانی شیعری نویێ کوردی، بەرگی یەکەم، بەغداد، ١٩٧٨ز،ل١٣٧.

٢١–خورشید رەشید، ڕێبازی ڕۆمانتیك لەئەدەبی کوردیدا، بەغداد، ١٩٨٩ز، ل٢٦٣.

٢٢–ئەحمەد حەسەن عەزیز(ئەحمەد هەردی)، دیوانی رازی تەنیایی، چاپی سیێ یەم، ١٩٩١ز، ل٩٢.

٢٣–یاسین صابر صالْح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، چ(١)، سلێمانی، ٢٠٠٥ز، ل١١١٨.

٢٤–حوسێن غازی کاك ئەمین، نوێکردنەوەی شیعری کوردی لەساڵی١٩٣٢ تا کۆتایی١٩٤٩لەکوردستانی عێراقدا، چ(١)، چ(ڕۆژهەڵات)، هەولێر، ٢٠٠٨ز، ل٨٤.

٢٥– د.ئیحسان فوئاد، دوو کێشی عەرووزی لە شیعری کوردی تازەدا، گ(کۆلێجی ئەدەبیات)،زانستگای بەغدا،ژ(١٥)،١٩٧٢ز، ل٦.

٢٦–ئەحمەد حەسەن عەزیز(ئەحمەد هەردی)، دیوانی رازی تەنیایی، چاپی سیێ یەم، ١٩٩١ز، ل١٠.

٢٧–خورشید رەشید، ڕێبازی ڕۆمانتیك لەئەدەبی کوردیدا، بەغداد، ١٩٨٩ز، ل٢٦٤.

٢٨–حەمە حەمە ئەمین(کاکەی فەلاح)، کاروانی شیعری نویێ کوردی، بەرگی یەکەم، بەغداد، ١٩٧٨ز،ل١٣٩.

٢٩–فۆاد حسین، هۆنراوەی نشتیمانی لە ئەدەبی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا، بەغدا، ١٩٩٦ز، ل١٢.

٣٠–د.عزالدين مصطفى رسول، الواقعية في الادب الكردي، الطبعة(١)، دار المكتبة العصرية، صيدا، بيروت، ١٩٦٦ز، ل٧٠.

٣١–حەمە حەمە ئەمین(کاکەی فەلاح)، کاروانی شیعری نویێ کوردی، بەرگی یەکەم، بەغداد، ١٩٧٨ز،ل١٣٩.

٣٢–د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، چ،(١)، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦ز، ل٤٤٤.

٣٣–خورشید رەشید، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، بەغداد، ١٩٨٩ز، ل٢٦٤.

٣٤–د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، چ،(١)، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦ز، ل٤٤٥.

٣٥–صدیق بۆرەکەیی(صەفی زادە)، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی سێیەم ، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨ز، ل١٤٤ .

٣٦–سامان عوسمان ریالیزم لە شیعری بێکەس دا، نامەی ماستەر ، کۆلیژی زمان ، زانکۆی سلیمانی، ٢٠١٠ز، ل٢٩.

٣٧–حوسێن غازی کاك ئەمین، نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە ساڵی١٩٣٢ تا کۆتایی١٩٤٩ لە کوردستانی عێراقدا، چاپی(١)، چ(ڕۆژهەڵات)، هەولێر، ٢٠٠٨ز، ل٨٤.

٣٨–خورشيد ره‌شيد، ريبازى رۆمانتيك له‌ئه‌ده‌بى كورديدا، به‌غداد، ١٩٨٩ز، ل٢٦٧.
٣٩–د.دلشاد عه‌لى، بنياتى هه‌ڵبه‌ست له هۆنراوه‌ى كوردى دا، چاپخانه‌ى ره‌نج، چ(١)، سلێمانى، ١٩٩٨ز، ل٥٢.
٤٠–د.عزالدين مصطفى رسول، الواقعية في الأدب الكردي، دار ئاراس للطباعة والنشر، الطبعة(٢)، أربيل، ٢٠١٠م، ص١٠٣.
٤١–خورشيد ره‌شيد، ريبازى رۆمانتيك له‌ئه‌ده‌بى كورديدا، به‌غداد، ١٩٨٩ز، ل٢٨٦.
٤٢–نه‌ريمان خۆشناو، ئه‌حمه‌د هه‌ردى له نوێكردنه‌وه‌ى شيعرى كورديدا، ر(هاوكارى)، ژ(٣٨٧٨)، سێ شه‌ممه، ٢٠٠٢/١٢/١٧.
٤٣–ئه‌حمه‌د حه‌سه‌ن عه‌زيز(ئه‌حمه‌د هه‌ردى)، ديوانى رازى ته‌نيايى، چاپى دووه‌م، ١٩٨٤ز، ل٧٠.
٤٤–د.عزه‌دين مسته‌فا ره‌سول هاوريێيانى، زمان و ئه‌ده‌بى كوردى بۆ پۆلى(٦) ئاماده‌يى، چ(وزاره‌تى په‌روه‌رده) چاپى(٣)، هه‌ولێر، ٢٠٠٤ز، ل١٠٤.
٤٥–خورشيد ره‌شيد، ريبازى رۆمانتيك له‌ئه‌ده‌بى كورديدا، به‌غداد، ١٩٨٩ز، ل٢٩٠.
٤٦–د.ئه‌حمه‌د قه‌ره‌نى، ره‌خنه‌ى ئايرۆنى له شيعرى نوێى كورديدا(١٩٢٥–١٩٧٠)،چ(١)، چاپخانه‌ى حاجى هاشم، هه‌ولێر، ٢٠١٢ز، ل٧٩.
٤٧–حه‌مه حه‌مه ئه‌مين(كاكه‌ى فه‌لاح)، كاروانى شيعرى نوێ كوردى، به‌رگى يه‌كه‌م، به‌غداد، ١٩٧٨ز،ل١٤٦.
٤٨–نه‌ريمان خۆشناو، ئه‌حمه‌د هه‌ردى له نوێكردنه‌وه‌ى شيعرى كورديدا، رۆژ(هاوكارى)، ژ(٣٨٧٨)، سێ شه‌ممه، (٢٠٠٢/١٢/١٧)، به‌غدا، (ل٥).
٤٩–د.كه‌مال مه‌عروف، ئه‌ده‌بياتى كلاسيكى و نوێخوازى كوردى، چاپى يه‌كه‌م، چاپخانه‌ى ژين، سلێمانى، ٢٠٠٣ز، ل٣.
٥٠–ئيبراهيم قادر محه‌مه‌د، كورته چيرۆكى كوردى له‌ساڵى ١٩٧٠–١٩٨٠، نامه‌ى دكتۆرا، زانكۆى سه‌لاحه‌ددين، هه‌ولێر، ١٩٩٧ز، ل١٨٩.
٥١–صديق بۆره‌كه‌يى(صه‌فى زاده)، مێژووى وێژه‌ى كوردى، به‌رگى سێيه‌م، چاپى يه‌كه‌م، هه‌ولێر، ٢٠٠٨ز، ل١٤٦.
٥٢–ئه‌حمه‌د حه‌سه‌ن عه‌زيز(ئه‌حمه‌د هه‌ردى)، ديوانى رازى ته‌نيايى، چاپى دووه‌م، ١٩٨٤ز، ل٧٠.
٥٣–د.مارف خه‌زنه‌دار، مێژووى ئه‌ده‌بى كوردى، به‌رگى حه‌وته‌م، چ(١)، ده‌زگاى چاپ و بلاوكردنه‌وه‌ى ئاراس، هه‌ولێر، ٢٠٠٦ز، ل٤٤٩.
٥٤– فه‌رهاد گه‌ردى، كاروانى شيعرى نوێ ى كوردى و چه‌ند سه‌رنجێك، گ(به‌يان)،ژ(١٠٥)، دزگاى رۆشنبيرى كوردى، به‌غدا، ١٩٨٥، ل١٤.
٥٥–حه‌مه حه‌مه ئه‌مين(كاكه‌ى فه‌لاح)، كاروانى شيعرى نوێ كوردى، به‌رگى يه‌كه‌م، به‌غداد، ١٩٧٨ز،ل١٤٦.
٥٦–نه‌ريمان خۆشناو، ئه‌حمه‌د هه‌ردى له نوێكردنه‌وه‌ى شيعرى كورديدا، رۆژ(هاوكارى)، ژ(٣٨٧٨)، سێ شه‌ممه، (٢٠٠٢/١٢/١٧)، به‌غدا، (ل٥).

***********************************

## سه‌رچاوه‌كان: سه‌رچاوه كورديیه‌كان: أ/كتێب:

١– ئه‌حمه‌د سالار، ريبازه سه‌ره‌كييه‌كانى ئه‌ده‌ب وهونه‌ر، چاپخانه‌ى دار الحريه، به‌غداد، ١٩٨٨ز .
٢–د.ئه‌حمه‌د قه‌ره‌نى، ره‌خنه‌ى ئايرۆنى له شيعرى نوێى كورديدا(١٩٢٥–١٩٧٠)،چ(١)، چاپخانه‌ى حاجى هاشم، هه‌ولێر، ٢٠١٢ز
٣– ئه‌رستۆ، و: د.محه‌ممه‌د كه‌مال، شيعرو پيوتيكا، چ/١، دزگاى سه‌رده‌م، سلێمانى، ٢٠١٠ز.
٤–بوكنه‌ر ب، تراويك، و: حه‌مه كه‌ريم عارف، مێژووى ئه‌ده‌بياتى جيهان، ب/١، چ/١، ده‌زگاى موكريان، هه‌ولێر، ٢٠٠٨ز.
٥– د.په‌رێز سابير، ره‌خنه‌ى ئه‌ده‌بى كوردى و مه‌سه‌له‌كانى نوێكردنه‌وه‌ى شيعر، چاپخانه‌ى ئاراس، چاپى(١) ، هه‌ولێر ، ٢٠٠٦ز .
٦–پێته‌ر هاڵبێرك ودانه‌رانى تر، ئا:و:ئه‌نوه‌ر قادر محه‌مه‌د، تيۆريى ئه‌ده‌بى و شێوازناسى، چ(٣)، ئه‌نديشه، سلێمانى، ٢٠١٨ز.
٧–ته‌ها سلێمان، كۆمه‌ڵه وتار، چاپى يه‌كه‌م، چابخانه‌ى ئارابخا، كه‌ركوك ، ساڵى ٢٠٠٦ز.
٨– حه‌مه حه‌مه ئه‌مين(كاكه‌ى فه‌لاح)، كاروانى شيعرى نوێ كوردى، به‌رگى يه‌كه‌م، به‌غداد، ١٩٧٨ز .
٩– خورشيد ره‌شيد ، ريبازى رۆمانتيك له‌ئه‌ده‌بى كورديدا، به‌غداد، ١٩٨٩ز .
١٠–حوسێن غازى كاك ئه‌مين، نوێكردنه‌وه‌ى شيعرى كوردى له ساڵى١٩٣٢ تا كۆتايى١٩٤٩ له كوردستانى عێراقدا، چاپى(١)، چاپخانه‌ى رۆژهه‌ڵات، هه‌ولێر، ٢٠٠٨ز.
١١– د.دلشاد عه‌لى، بنياتى هه‌ڵبه‌ست له هۆنراوه‌ى كوردى دا، چاپخانه‌ى ره‌نج، چ(١)، سلێمانى، ١٩٩٨ز.
١٢– ره‌زا سه‌يد حوسه‌ينى، و- حه‌مه كه‌ريم عارف، قوتابخانه ئه‌ده‌بيه‌كان ، چاپخانه‌ى وزاره‌تى په‌روه‌رده، چاپى (١)، ٢٠٠٦ز.
١٣– د.ره‌فيق محمد شوانى، ئه‌ده‌ب و كۆمه‌ڵه وتاريكى ئه‌ده‌بى، چ(١)، چاپخانه‌ى وزاره‌تى رۆشنبيرى، هه‌ولێر، ٢٠٠٨ز.
١٤–پ.د.سه‌ردار ئه‌حمه‌د گه‌ردى، ره‌خنه‌ى ئه‌ده‌بى، چ(١)، چاپخانه‌ى(هێڤى)، هه‌ولێر، ٢٠١٧.
١٥– شێركۆ ئه‌حمه‌د حه‌وێز و هاورێيانى، زمان و ئه‌ده‌ب و كوردى بۆ پۆلى هه‌شته‌مى بنه‌ره‌تى، چاپى (٢) ، ٢٠٠٨ز .
١٦– شێركۆ ئه‌حمه‌د حه‌وێز، ئه‌ڵمان ئه‌حمه‌د سه‌ليم، زمان وئه‌ده‌بى كوردى بۆ پۆلى نۆيه‌مى بنه‌ره‌تى ، چاپى (٢)، ٢٠٠٨ز.
١٧–صديق بۆره‌كه‌يى(صه‌فى زاده)، مێژووى وێژه‌ى كوردى، به‌رگى سێيه‌م ، چاپى يه‌كه‌م، هه‌ولێر، ٢٠٠٨ز .
١٨–عبدالله الاصفر، و– ئازاد عه‌بدلواحيد كه‌ريم، ريبازه ئه‌ده‌بييه‌كان، چاپخانه‌ى ئاراپخا، چاپى (١)، كه‌ركوك، ٢٠٠٨ز .
١٩–د.عزه‌دين مسته‌فا ره‌سول هاوريێيانى، زمان و ئه‌ده‌بى كوردى بۆ پۆلى(٦) ئاماده‌يى، چ(وزاره‌تى په‌روه‌رده) چاپى(٣)، هه‌ولێر، ٢٠٠٤ز .
٢٠– عزه‌دين مسته‌فا ره‌سوڵ، رياليزمى نوێ و ئه‌ده‌بياتى كوردى، سلێمانى ،٢٠٠٨ز .
٢١–عه‌باس محه‌مه‌د قادر، رياليزم له شيعرى هاوچه‌رخى كورديدا(١٩٤٦–١٩٧٠)، مه‌ڵبه‌ندى كوردۆلۆجى، سلێمانى، ٢٠١٠ز.
٢٢–كامل حه‌سه‌ن عه‌زيز به‌صير، ره‌خنه‌سازى مێژوو وپه‌يره‌وكردن، چاپخانه‌ى كۆرى زانيارى عێراق، به‌غداد، ١٩٨٣ز.

٢٣–د.کەمال مەعروف، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژین، سلێمانی،٢٠٠٣ز.
٢٤– د.فەرهاد پیربالّ، رێبازە ئەدەبییەکان، چ(١)، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤ز.
٢٥–فەهمی شوکری عەبدوللا، رەگەزی نوێی شیعری کوردی لای قەدری جان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٦ز.
٢٦– د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، چ(١)، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦ز.
٢٧–د.محەمەد دلێر ئەمین میسری، رۆلی گۆڤاری گەلاوێژ(١٩٣٨– ١٩٤٩) لەگەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، چاپی(١)، سلێمانی،٢٠٠٤ز.
٢٨–د.هاوژین صلیوە عیسا، رەهەندی دەروونی لە شعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، چ:یەکەم،٢٠١٣ز.
٢٩–هیمداد حوسێن، رۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، چ زانکۆی سەلاحەدین، چاپی(١)، هەولێر، ساڵی١٩٩٨ز .
٣٠–هیمداد حوسێن، رێبازە ئەدەبییەکان، چاپخانەی رۆژهەلاّت، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٠ز.
٣١–یاسین صابر صالّح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، چ(١)، سلێمانی، ٢٠٠٥ز.

ب/ دیوانی شاعیران:
١– ئەحمەد حەسەن عەزیز(ئەحمەد هەردی)، دیوانی رازی تەنیایی، چاپی دووەم، ١٩٨٤ز وە چاپی سێ یەم، ١٩٩١ز .
٢– دیوانی بێکەس (فایەق بێکەس)، ئا:ئومێد ئاشنا، پێداچوونەوەی مەسعود مستەفا حوسێنی قادری ، چ(١) ، ٢٠٠٨ز.
٣–دیوانی پیرەمێرد، پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێ ژیان و بەرهەمەکانی، ئومێد ئاشنا ، بەرگی(١)، چ(١)، هەولێر،٢٠٠١ز .

ج/ نامەی ئەکادیمی:
١– ئیبراهیم قادر محەمەد، کورتە چیرۆکی کوردی لەسالّی ١٩٧٠–١٩٨٠، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،١٩٩٧ز.
٢– حەسەن عەلی عومەر، رۆمانسیەت لە هۆنراوەکانی پیرە مێردا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٤ز.
٣– سامان عوسمان، ریالیزم لە شیعری بێکەس دا، نامەی ماستەر ، کۆلیژی زمان ، زانکۆی سلیمانی، ٢٠١٠ز.
٤– عادل مەجید گەرمیانی، ریالیزمی لە رۆمانی کوردی هاوچەرخدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی بەغداد، ١٩٩٦ز.
٥– کەیفی ئەحمەد عەبدولقادر، ریالیزم لە شانۆی کوردیدا(١٩٧٦–٢٠٠١)، نامەی ماستەر، سکولّی زمان، زانکۆی کۆیە، ٢٠١١ز.
٦– فؤاد حسین، هۆنراوەی نشتیمانی لە ئەدەبی کوردیدا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمین تا سالّی١٩٤٥ز،نامەی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا، بەغدا،١٩٩٦.
٧– هێرۆ عبدالرحمن مستەفا، ریالیزم لە شیعری (ئەحمەد دلزار)دا نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی صلاحەدین، ٢٠٠٩ز.

د/ رۆژنامەوگۆڤارەکان:
١–ئالان رۆب گرێ، و–لەتیف هەڵمەت، لە ریالیزمەوە بۆ واقیع، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە(٥)، کانوونی دووەم، ١٩٩٨ز.
٢–ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، ،گ، ئایندە، ژ(٧١)، ٢٠٠٧ز.
٣– د.ئیحسان فوئاد، دوو کێشی عەرووزی لە شیعری کوردی تازەدا، گ(کۆلێجی ئەدەبیات)،زانستگای بەغدا،ژ(١٥)،١٩٧٢ز.
٤– رێزان رەحمن خدر، رەنگدانەوە ریالیزمی رەخنەیی لە ئەدەبدا، گ رامان، ژ(١١٤)،٢٠٠٧ز.
٥– د–عادل گەرمیانی، چەند جیاوازییەکی نێوان چەشنەکانی ریالیزم، گ(ئایندە)، ئەدەب و هونەری هاوچەرخە، ٢٠نیسان٢٠١١ز.
٦– فەرهاد گەردی، کاروانی شیعری نوێ ی کوردی و چەند سەرنجێك، گ(بەیان)،ژ(١٠٥)، دزگای رۆشنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٥.
٧– کەریم شارەزا، دلدار وشیعری ریالیزم، گ، نووسەری کوردی، ژ(١٢)، ١٩٨٣ز.
٨–کەمال رەئووف : نەورۆزی نوێ و پیرەمێرد ، گ. کاروان ، ژمارە (١٨)، ١٩٨٤، ل١١.
٩–نەریمان خۆشناو، ئەحمەد هەردی لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، ر(هاوکاری)، ژ(٣٨٧٨)، سێ شەممە، ٢٠٠٢/١٢/١٧.
١٠– نەریمان خۆشناو، ئایدۆلۆژیای نشتیمان پەروەری لە روئیای پیرەمێردی شاعیر، ر(هاوکاری)، ژ(٣٨٨٢)، ٢٠٠٢/١٢/٢٣.
١١– هیمداد شاهین، پێنج قوتابخانەی ئەدەبی لە دوای رۆمانسیزم، گ گزنگ، ژ(٨٦) کانوونی یەکەم، کەرکوك، ٢٠١٠ز.

ه/فەرهەنگ:
١–بەختیار سەجادی ومحەمەد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، ب/١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤ز.
٢–برهان قانع، فەرهەنگی نوێ، بەغداد، الحوادث، ١٩٨١ز.
٣–ئا:رزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا، بەشی(٢)، ناوەندی رۆشنبیری مەهارەت، چ/١، تەهران، ئیران، ٢٠٠٦ز.
٤– د.موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، بەرگی(١)، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥ز.

سەرچاوە عەرەبییەکان: أ/كتێب(المصادر العربية):
١- أحمد محمد نتوف، النقد التطبيقي عند العرب في القرنين الرابع والخامس هجريين، دار النوادر، ط(١)، ٢٠١٠م.
٢- الرشيد بو شعير، الواقعية وتياراتها في الاداب السردية الاوربيبة، ط(١)، دار الأهلي للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ١٩٩٦م.
٣-دريني خشبه، أشهر المذاهب المسرحية، وزارة الثقافة والارشاد القومي، مطبعة النموذجية،جمهورية العربية المتحدة، ١٩٦١م.
٤-ديمين كرانت، الواقعية، تر: عبدالواحد لؤلؤة، دارالرشيد للنشر، موسوعة المصطلح النقدي، بغداد، ١٩٨٠م.

٥-د.عزالدين مصطفى رسول، الواقعية في الادب الكردي، الطبعة(١)، دار المكتبة العصرية، صيدا، بيروت،١٩٦٦ز.
٦-د.عزالدين مصطفى رسول، الواقعية في الآدب الكردي، دار ئاراس للطباعة والنشر، الطبعة(٢)، أربيل، سنة ٢٠١٠م.
٧-د.علي جواد الطاهر، الخلاصة في مذاهب الادب الغربي، دار الجاحظ للنشر، بغداد، ١٩٨٣م.
٨-د.فائق مصطفى ود.عبدالرضا علي، في النقد الادبى الحديث منطلقات وتطبيق، ط/٢، دار كتب للطباعة والنشر، الموصل، ٢٠٠٠م.
٩-د.محمد غنيمى هلال، النقد الادبى الحديث، دار العودة، بيروت،١٩٧٣م.
١٠- د.محمد مندور، الادب ومذاهبة، دار نهضة، مصرللطبع والنشر، الفجالة، القاهرة، ١٩٧٤م.
١١-لاسل ابركرؤمبى، تر:د.محمد عوض محمد، (قواعد النقد الادبي) ط/٣، مطبعة لجنة التأليف والترجمة والنشر، مصر، أسكندرية، ١٩٥٤م.
١٢-نغم عاصم عثمان، الرومانسية،بحث في المصطلح وتأريخة ومذهبة الفكرية، سلسلة مصطلحات معاصرة، العتبة العباسية المقدسة، المركز الاسلامى للدراسات الاستراتيجيية، ط(١)، ٢٠١٧م.

ب/نامەی ئەکادیمی(الرسائل الاكاديمية):

١-فواز سديرة، الواقعية الاشتراكية في النقد الادبي الحديث، رسالة ماجستير،جامعة محمد بوضياف المسيلة، كلية الاداب واللغات، الجزائر، ٢٠١٦م.

ج/ڕۆژنامەو گۆڤارەکان(الصحف):

١-أ.د.الطيب بودربالة و د.السعيد جاباالله، الواقعية في الادب، مجلة العلوم الانسانية،جامعة محمد خيضر بسكرة، الجزائر،العدد(٧)،٢٠٠٥م.

[Abstract]

Realism and Ahmed Hardi In this research, we try to address a literary study on the subject of realism and the term realism, which consists of the words (Real) and (Isem) in the sense of seeing the reality of society. The essence of this research consists of an introduction, two chapters and the results. In the introduction, it deals with the justification for the choice of the subject and the its importance and we dedicated the first chapter for the concept, the definition of realism, the history of its appearance in Europe and the reasons for its appearance with its characteristics and methods. While the second chapter consists of realism in the Kurdish literature and its appearance, taking examples of Kurdish texts and their characteristics in the Kurdish poetry and the reasons of the Renaissance and the life of the poet Ahmed Hardi and the reflection of the realistic school in his poetry. Finally, we discuss the conclusions and the results that we came up with about what prompted (Hardi) to merge with realism and we ask Allah to make our research a scientific gain for all who read it.